Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.1.1

OPEN ACCESS
*Corresponding author
ئاشتی رەحمان بەکر
ashti.bakr@su.edu.krd

# شکستی کارگێڕی و دارایی لەگەڵ هەوڵەکانی چاکسازی دەوڵەتی عوسمانی لە کارگێڕی سەنجەقی سلێمانی لە نێوان ساڵانی(1800-1900)

RECEIVED :08 /12/2024
ACCEPTED :22/03/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**ئاشتی رەحمان بەکر/** بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
دەوڵەتی عوسمانی
سەنجەقی سلێمانی
فەرمانبەر
باج
داهات.

**پوختە**

سەنجەقی سلێمانی لە ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی ڕووبەرووی چەندین کێشەی کارگێری و دارایی بۆ تەوە، کە کاردانەوەی لەسەر سەقامگیری ئاسایش و ژیانی دانیشتوانی سەنجەقەکە کردووە.

لە ڕووی کارگێڕی، فەرمانبەر بەشێک لە کەموکوری و کێشەکان نەبووە، بەڵکو کەمتەر خەمی دەوڵەت لە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانگە لەگەڵ هەڵبژاردن و چاودێریکردنی فەرمانبەر بووە لەلایەک، لەلایەکی تر فەرمانبەران سەرچاوەی کەموکوری و کێشەکان بوون بە دەستبەکارنەبوون لە ئەرکەکەیان بە بیانوی جۆراوجۆر یا ئەنجامدانی سەرپێچی یاخود ئەنجامنەدانی کارەکەیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پشتگوێخستنی.

لە ڕووی دارایی، هەڵکشان و داکشانی دارایی کاردانەوەی لەسەر بەڕێوەبردنی کارگێڕی فەرمانگەکانی سەنجەق کرد، کە خودی فەرمانبەران هۆکاری کەمبوونەوەی داهات بوون، بە کۆنەکردنەوەی باج بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یا دزینی باج و داهات یاخۆد بە هەدەر بردنی، یا ئەوەتا داهاتەکە لەلایەن هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان برداوە. بێگومان نەبوونی داهاتیش خەزینەی دەوڵەتی بەتاڵکردووە، بوونەتە هۆکار تاوەکو دەوڵەت نەتوانێت لە سەنجەقەکە چاکسازی بکات و بەبێ کەموکوری کاروباری کارگێری مەدەنی و سەربازی بەڕێوەببات.

گرنگترین کاردانەوەش، لە دوای دابین نەکردنی پێداویستی سەربازی سەنجەق و نەدانی مووچەی مەدەنی و سەربازی لە کاتی خۆیدا، سەربازانی سەنجەق دژی دەوڵەت هەڵگەراونەتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر بازارەکانی سەنجەق.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

دەوڵەتی عوسمانی دوای دابەشکاری کارگێڕی ناوچەکانی عیراق، یەکە و فەرمانگەی مولکیە و سەربازی لە ویلایەت و سەنجەقەکان دامەزراند، لە سەنجەقی سلێمانی، ئەم یەکە و فەرمانگە کارگێڕیانە بەپێی پێویست موتەسەرف لە سەنجەق، قائیمقام لە قەزا، بەڕێوەبەر لە ناحیە و موختار لە گوندەکان دامەزران، هەروەها زۆربەی فەرمانبەران تورک بوون و تەنیا لە کاتی پێویست نەبێت، یەکە کارگێڕییەکان بە تایبەتی قائیمقامیەت ڕادەستی ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان دەکرا، لە سەنجەقی سلێمانی بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵک لە سەرای سلێمانی ئەنجام دەدرا، جگە لەمە تەواوی کەموکوری دامودەزگا و فەرمانگەکان بە ڕێگەی بەکرێ گرتنی بینایە و کێشەی فەرمانبەرانیش بە ڕێگەی چاکسازی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەر دەکرا، بێگومان ئەم کەموکورییانەی لە فەرمانگەکانی مولکیە و سەربازی هەبووە، لە داهاتی سەنجەق چارەسەر کراوە، ئەم داهاتەش لە ڕێگەی باج و سەرانەی سەنجەق کۆدەکرایەوە و ڕەوانەی خەزینە دەکرا، لە داهاتی سەنجەقیش کاروباری ئاوەدانکردنەوە و پێداویستی سەنجەق و مووچەی فەرمانبەرانی مولکیە و سەربازی دابین دەکرا.

ئامانج لەم توێژینەوەدا ئەوەیە، تاوەکو لە ڕێگای بەڵگەنامەکانی ئەرشیف تێروانین و وردەکاری لە یەکەکانی کارگێڕی و پەیوەندی کارگێڕی نێوان سەنجەق بە دەوڵەتی عوسمانی ڕوون بکرێتەوە، بە تایبەتی ئەم هۆکارانەی بوونەتە هۆی لاوازبوونی کارگێڕی سەنجەق، لەلایەکی تر گەیشتن بە ڕاست و دروستی هەندێک بابەت، کە لە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵام بەڵگەکانی ئەرشیف ڕاستییەکی زۆر لە بارەی هۆکاری لاوازی و پشتگوێخستنی کارگێڕی سەنجەق و دروستی بوونی گرفتەکانی کارگێڕی خراوەتەروو، هەروەها بە گوێرەی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانیان گۆرانکاری بەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی کارگێڕی هاتووە. ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ میر و سەرۆک عەشیرەتەکانی سەنجەق لە کارگێڕی سەنجەق شیکراوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، میتۆدی مێژوویی وەسفی شیکارییە. بۆ گەیشتن بە ئامانج و چارەسەری بابەتەکان هەوڵدراوە شێوازی شیکاری پیادە بکرێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە شێوازی کلاسیکی تۆمارکردنی بابەتەکان.

ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە لایەنی کارگێڕی و دارایی سەنجەقی سلێمانی لە نێوان ساڵانی (1800–1900)، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەم کەموکوری فەرمانبەران و هەڵوێستی حکومەت لە خۆ دەگرێت، ئەویش لە سێ باس پێکدێت، باسی یەکەم تیشک خراوەتە لەسەر کەمتەر خەمی دەوڵەت بەرامبەر فەرمانگە و فەرمانبەرانی کارگێڕی و کاردانەوەی فەرمانبەران لەهەمبەر کەموکورییەکانی دەوڵەت، باسی دووەم پێچەوانەی باسی یەکەم باس لە ئەنجامدانی سەرپێچی فەرمانبەران لە فەرمانگەکان لەگەڵ دەستتێکەڵاوکردنی بەشێک لە فەرمانبەران و عەشیرەتەکان، باسی سێیەم باس لە دەستتێوەردانی فەرمانبەرانی سەربازی لە کاروبار کارگێڕی سەنجەق دەکات، کە بووە هۆی قوڵتر کردنەوەی کێشەکانی کارگێڕی، تەوەرەی دووەمیش پەیوەستە بە کەموکوری دارایی و چاکسازی حکومەت، کە لە چوار باس پێکدێت، باسی یەکەم ئاماژە بە کاریگەری فەرمانبەرانی مولکیە و سەربازی لە تێکچوونی دارایی سەنجەق دەکات، کە فەرمانبەران داهاتی سەنجەقیان بە ڕێکوپێکی کۆنەکردۆتەوە و ڕەوانی خەزینەیان نەکردووە، پارەکەیان بەهەدەر داوە، باسی دووەم کاریگەری دارایی لەسەر چاکسازی، تێدا باس لە نەبوونی پارە دەکات، بەمەش دەوڵەت نەیتوانیوە کاروباری سەنجەقەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببات و چاکسازی بکات، باسی سێیەم کاریگەری داهات لەسەر فەرمانبەرانی سەربازی، بە جۆرێک کاریگەری هەبووە سەربازەکان نەیانتوانیوە بە کاری خۆیان هەڵسن، باسی چوارەم نەبوونی داهات بۆ تە هۆکاری دابین نەکردنی پێداویستی و مووچەی سەربازی، بەمەش سەرباز دژی دەوڵەت هەڵگەراوەتەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە زیاتر پشت بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی بەستراوە، وەکو سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی-ئیستەنبوڵ، تایبەت بەم بابەتە زۆرترین بەڵگە وەرگیراوە، دوای پۆلینکردن، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە و بە گوێرەی زانیاری نێو بەڵگەنامەکە تەوەرە و باسەکانی بابەتەکە خراوەتەروو، هەرچی ساڵنامەکانی عوسمانی و ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە و سەرچاوەی ترە بۆ دووپاتکردنەوەی ڕاست و دروستی بەڵگەنامەکانی ئەرشیف بەکارهێنراون، کە ساڵنامە و ڕۆژنامەکانی ئەم سەردەمە هەمان زانیارییان دووپاتکردۆتەوە.

**دەروازە**

سەنجەقی سلێمانی لە وشکانی، لە باکوور سەردەشت، لە ڕۆژهەڵات بانە و مەریوان، لە باشوور خان و سەڵاحیەی لەسەر بە کەرکووک، لە ڕۆژئاواش دیسان بە قەزای کەرکووک دەورەدراوە (موصل ولایت سالنامەسی، 1312، 323؛ 1325، 227)، بە گوێرەی ڕووبارەکانی دەورووبەریش سەنجەقەکە، لە بەشی ڕۆژهەڵات ویلایەتی مووسڵ، لە بەشی باکوور زەوییەکانی زابی بچویک، لە بەشی باشوور حەوزەکانی ڕووباری دیالە، لە بەشی ڕۆژئاواش سەرچاوەکانی ڕووباری ئەدهەم و بەشێکیشی لەگەڵ ئێران هاوسنوور بووە (موصل ولایت سالنامەسی، 1330، 284). (سەیری پاشکۆی ژمارە (1) بکە).

ئەم سەنجەقە لە ڕووی دابەشکاری کارگێڕییەوە لە نێوان ساڵانی (1848–1852) لەسەر بە ئەیالەتی بەغداد ( Hurşid Paşa, 1997, 168-169)، لە (1860) سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە (BOA, İ.MVL, 433.19095)، لە 1874 یش دووبارە خراوەتەوە سەر ئەیالەتی بەغداد (BOA, A.MKT, 62.84). جگە لەمە والی بەغداد مدحەت پاشا (1869–1872) ویلایەتی بەغدادی بۆ (10) سەنجەق دابەشکرد، ئەوانیش سەنجەقی بەغداد، شارەزوور، سلێمانی، مووسڵ، دلیم، کەربەلا، دیوانیە، بەسرا، عەمارە و مونتەفیک (الزوراء، 1286، 4،2؛ نصار، 2005، 108)، لە (1875) یش گۆرانکاری لە دابەشکاری کارگێڕی کرا، مووسڵ لە ویلایەتی بەغداد جیاکرایەوە، سلێمانیش وەکو سەنجەقێک خرایە لەسەر ویلایەتی مووسڵ (نصار، 2005، 261)، لە (13 ) ڕەبیعی کۆتایی (1296) (6 کانوونی دووەم 1879) و( 1313ک/1895–96ز) ویلایەتی مووسڵ بەسەر (3) سەنجەق دابەشکرابوو، سەنجەقی مووسڵ، کەرکووک و سلێمانی، تا (1325ک/1907–08ز) سەنجەقی سلێمانی لسەر بە ئەیالەتی مووسڵ بووە (بغداد ولایت سالنامەسی، 1313، 352؛ 1325، 69؛ العزاوی، 2004، ج8، 54).

لە سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەکاندا بیروڕای جیاواز لەسەر ژمارەی قەزاکان و لە مێژووی جیاوازیشدا گۆرانکاری بەسەر ناو و ژمارەی قەزاکان هاتووە، لە زانیاری ئەرشیفی عوسمانی مێژووی (17) زیلقەعدە (1271) (26 تەمموز 1855) سەنجەقی سلێمانی لە قەزایەکانی مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە)[1]، بازیان، گوڵعەنبەر، سروچک پێکدەهات (BOA, İ.MVL, 336.14505)، لە ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد (1292ک/1875–76ز) عەشیرەتی جاف لە ڕێزی قەزاکان وەکو قائیمقامیەتێک ناوی هاتووە (بغداد ولایت سالنامەسی، 1292، 100–104)، هەروەک لە سەرچاوە عەرەبیەکان جگە لە گوڵعەنبەر، بازیان، شارباژێر و مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە)، لە (1872) ناوچەی جاف و قەرەداغیش بە قەزا هەژمار کراوە (العزاوی، 2004، ج7، 196–197)، بەڵام لە نێوان ساڵانی (1312ک/1894–95ز) و (1325ک/1907–08ز) سەنجەق تەنیا لە قەزاکانی گوڵعەنبەر، بازیان، شارباژێر و مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە) پێکدەهات (موصل ولایت سالنامەسی، 1312، 323؛ 1325، 227)، لە ساڵی (1330ک/1912–13ز) یش قەزای سلێمانی (5) ناحیە و 312) گوند، قەزای گوڵعەنبەر (2) ناحیە و (309) گوند، قەزای شارباژێر (1) قەزا و (125) گوند، قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە (1) ناحیە و ( 177) گوند، قەزای بازیان (2) ناحیە و (159) گوند، بە کۆکراوەیی لە (4) قەزا بۆ تە (5) قەزا و (11) ناحیە و( 1082) گوند پێکدەهات (موصل ولایت سالنامەسی، 1330، 328). لە نێوان ساڵانی (1918–1932) لیوای سلێمانی لە ڕووی دابەشکاری کارگێڕییەوە گۆرانکاری بەسەر هاتووە و لە چەند لاپەرەیەکی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەغداد ئاماژەی پێکراوە، سلێمانی وەکو ناوەندی لیوا، لە قەزاکانی سلێمانی، هەڵەبجە و شارباژێر پێکدەهات (دار الكتب و الوثائق المركز الوطني للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقة 1، ص 1–2–3)، بەڵام لە لاپەرەیەکی تری بەڵگەنامەی ئەرشیف ئاماژە بە (5) قەزا کراوە ئەوانیش گوڵعەنبەر، شارباژێر، بازیان، چەمچەماڵ و مەعمورەتوولحەمیدیە (دار الكتب و الوثائق المركز الوطني للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقة 2، ص 4–5–6؛ دار الكتب و الوثائق المركز الوطني للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقة 3، ص 7–8). سەیری خشتەی ژمارە (1) بکە؛

[1] قەزای مەعمورەتوولحەمیدییە دەکەوێتە باکووری سەنجەقی سلێمانی (موصل ولایت سالنامەسی، 1330، 320)، لە نێوان ساڵانی 1292ک/1875–76ز و 1312ک/1894–95ز بە مەرگە ناوی هاتووە (بغداد ولایت سالنامەسی، 1292، 102؛ موصل ولایت سالنامەسی، 1312، 182)، دواتر پشدەر لە کۆتاییشدا ناوی گۆراوە بۆ مەعمورەتوولحەمیدییە (BOA, DH.MKT, 2101.8).

**خشتەی ژمارە (1) ناو و ژمارە قەزاکانی سەنجەقی سلێمانی**

| 1855 | 1875–76 | 1872 | 1894–1895/1907–1908 | 1912–13 | | | 1918–1932 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەرگە | مەرگە | گوڵعەنبەر | گوڵعەنبەر | قەزا | ناحیە | گوند | سەرەتا | دواتر |
| بازیان | بازیان | بازیان | بازیان | سلێمانی | 5 | 312 | سلێمانی | گوڵعەنبەر |
| گوڵعەنبەر | گوڵعەنبەر | شارباژێر | شارباژێر | گوڵعەنبەر | 2 | 309 | هەڵەبجە | بازیان |
| سروچک | سروچک | مەرگە | مەرگە | بازیان | 2 | 159 | شارباژێر | شارباژێر |
| – | جاف | جاف | – | شارباژێر | 1 | 125 | – | مەرگە |
| – | – | قەرەداغ | – | مەرگە | 1 | 177 | – | چەمچەماڵ |
| 4 | 5 | 6 | 4 | 5 | 11 | 1082 | 3 | 5 |

## 1. کەموکوری کارگێڕی و هەڵوێستی دەوڵەت

### 1.1. کەموکوری کارگێڕی و کاردانەوەی بەسەر فەرمانبەرانی دەوڵەت

ئەم کەموکورییانەی هاتۆتە پێش فەرمانبەران ڕەنگدانەوەی لەسەر کارگێڕی سەنجەقی سلێمانی هەبووە، ئەم کاردانەوەش لە دەرەوەی ویستی دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانبەرانی کارگێڕی بووە، واتە خودی فەرمانبەرەکە هۆکاری شکست هێنانی کارگێڕی ناوچەکە نەبووە، ئەم کەموکورییانەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و پەیوەندیدارانی حکوومەتەوە هەستی پێکراوە، فەرمانگەکانی سەنجەقی سلێمانی بە خراپی بەڕێوەدەبردرێت، لە ئەنجام بۆ تە هۆکاری دواکەوتنی مامەڵەی خەڵک، هەروەها تێکچوونی ئەمنیەتی سەنجەقەکە (BOA, DH.ŞFR, 223.130).

هەڵبژاردنی فەرمانبەر بە تایبەتی موتەسەرفی سەنجەق و قائیمقامی قەزا کەسایەتی خودی فەرمانبەرەکە بە هەند وەرگیراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی عەشیرەتێکی زۆر لە سەنجەقی سلێمانی، دەبووایە کەسێکی بە وورە و هێمن، ئارامگر و خانەدان بێت، تا بتوانێت لەگەڵ عەشیرەتەکانی سەنجەق ئاوێتە بێت و بگونجێت، هەروەها بزانێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کەللە ڕەقی عەشیرەتەکان دەکات (BOA, A.MKT.MHM, 452.12)، بەڵام دۆزینەوەی کەسانی بە توانا و لێهاتوو، لەلایەکی تر بوونی مەرجی یاسایی ئەستەم بووە، تا بە پێی مەرجەکان کەسێک دۆزراوەتەوە، ئەرکی کارگێڕییەکە بۆشایی تێکەوتووە و کار و مامەڵەکانی خەڵک و حکوومەت وەستاوە، لە مێژووی ()17 موحەررەم (1320) (26 نیسان 1902) (خەلیل ئەفەندی) هەڵبژێردراوە ببێتە قائیمقامی قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە، بەڵام مەرجی یاسایی نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە لە کارەکە دەست بەکاربێت، دواتر (تۆفیق ئەفەندی) بۆ ئەرکەکە دەستنیشانکراوە، کەچی ناوبراو دەستبەکاربوونی لە ئەرکەکەی بە گونجاو نەزانراوە، چونکە پێشوتریش بەهۆی پیری و بێ توانایی لە کارکردندا لە قائیمقامیەتی نوسەیبین لادراوە (BOA, BEO, 1838.137788).

لە لایەکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوور، بە تایبەتی نیاز خراپی ئێران و کاری چەتەیی هەندێک لە عەشیرەتەکان لەسەر سنوورییەکان، دەوڵەت ناچار بووە، ئەرکی مولکیە بە فەرمانبەرانی پلەداری سەربازی بدات ( BOA, DH.ŞFR, 00271.00108; 323.12)، بەڵام لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت لەلایەن کارگێڕییەوە بەڕێوەبردنی دوو ئەرکی مولکیە و سەربازی لە یەک کاتدا کێشە و بۆشایی دروستکردووە، تاقە کەسێک نەیتوانیوە بپرژێتە لەسەر دوو ئەرک و بۆشایی کارگێڕی دروستکردووە. ئەم بۆشاییەش عەشیرەتەکانی هانداوە و ئەم دەرفەتەیان هەڵقۆزتەوە، بۆ ئەنجامدانی کاری سەرپێچی و تاڵان لەلایەک، لەلایەکی تر تۆڵەسەندنەوە و ساغ کردنەوەی بابەتی کۆنی نێوانیان، بۆ نموونە لە مێژووی (16 رەجەب 1317) (20 تشرینی دووەم 1899) قاسم بەگ قائیمقامی ئاڵای[2] 45) لە قائیمقامی قەزای بازیان

---

[2] وەکو زاراوەی سەربازی لە دوای دامەزراندنی سەربازانی مەنسورەی موحەممەدییە (Asakir-i Mansure-i Muhammediye) لە (7 تەمموزی 1826ز)، لە نێوان تابوور و لیوا بۆ بەشێکی دیاریکراوی لەشکر بەکارهاتووە، هەر پیادەیەک (8) بلۆک و (3) تابوور، هەر

دامەزراوە (BOA, İ.DH, 1370.8). لە مێژووی (24 شەوال 1317) (25 شوبات 1900) (ئەمین بەگ) قائیمقامی ئالای (35)ی سوارە بۆتە قائیمقامی قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە (BOA, DH.MKT, 2310.4; 2263.26)، هەروەها لە نووسراوی مێژووی (12) جەمادی یەکەم (1323) (15 تەمموز 1905) (تۆفیق بەگ) بە پلەی میری ئالای لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان دامەزراوە (BOA, DH.MKT, 957.48). لە مێژووی (10 رەجەب 1326) (8 ئاب 1908)یش (ساڵح بەگ) قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر و بازیان پلەکەی بینباشی[3] ژاندارمە بووە (BOA, DH.ŞFR, 406.98).

هەندێک جار ئەو فەرمانبەرەی لە سەنجەق دادەمەزرا، خەڵکی ناوچەکە نەبووە، بۆیە لە کەلتور، نەریت و خوی خەڵکی ناوچەکە شارەزا نەبووە، لە ئەنجام نەیتوانیوە لەگەڵ دانیشتوانەکەی ئاوێتە بێت، هەروەها بیانوی دووری شوێنەکە و جیاوازی کەشوهەوای ناوچەکەش هۆکارێک بووە، تا فەرمانبەر داوای گواستنەوە بکات، بۆ شوێنی تر یا بە یەکجاری لە ئەرکەکەی ببوردرێت (BOA, Y.A.RES, 40.17; Çetinsaya, 2020, 114)، بۆ نموونە لە مێژووی (2) سەفەر (1305) (20 تشرینی یەکەم 1887) عەبدولقادر کەمال پاشا بە پلەی میری میران داوای کردووە لە موتەسەرفیەتی سەنجەقی سلێمانی بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە (BOA, DH.MKT, 1456.44)، لە مێژووی (26) زیلحیجە (1310) (11 تەمموز 1893)یش قائیمقامی قەزای بازیان (ئیبراهیم بەگ) داوای کردووە بۆ یەکێک لە قەزایەکانی ویلایەتی حەلەب بگوازرێتەوە (BOA, DH.MKT, 89.45)، هەروەها لەسەر داوای (عەبدولقادر پاشا) قائیمقامی قەزای بازیان لە مێژووی (12) جەمادی یەکەم (1316) (28 ئەیلوول 1898) حکومەت بڕیاری داوە ئەرکەکەی بگوازێتەوە قەزای شارباژێر، بۆ شوێنی ئەویش (ئیبراهیم نیازی) ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ئاقچەحیسار (Akçahisar)[4] دابمەزرێت (BOA, BEO, 1210.90714)، بەڵام (عەبدولقادر پاشا) دوای گواستنەوەی بۆ قەزای شارباژێر لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە ئاوێتە نەبووە و داوای گواستنەوەی کردووە (BOA, İ.DH, 1359.9).

کێشەیەکی تر کە فەرمانبەرانی کارگێڕی تووشی بوونەتەوە، بوونی عەشیرەتی کەڵلە ڕەق و چەتە، کە لە چیاکانی کرمانشا و ئەردەڵان خۆیان حەشارداوە، دوای کاری چەتەیی دووبارە خۆیان لەم چیایانە دەشاردەوە بە جۆرێک ئاشکراکردنی ئەمانە زۆر ئەستەم بووە، بۆیە ئەم ناوچانەی هەستیار و مەترسی لەسەر گیانی فەرمانبەران دروستکردبوو، نەیانتوانیوە یاخود نەیانوێراوە بچنە لەسەر ئەرکەکەیان، هەروەک نووسەر و گەریدەی ئەسکۆتلەندی فریزەر (1783–1856) لە (1834) ئاماژەی پێ دەکات، کاتێک ویستویەتی بچێتە شارەزوور داوای مۆڵەتی کردووە، بە بیانووی هەستیاری ناوچەکە و بوونی دز و چەتە لە ناوچەکە، نە دەسەڵاتدارانی ئێران و نە پاشای بابان ڕێگەی نەداوە بچێتە شارەزوور (Fraser, 1840, v1, 178–179)، لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفیشدا بە هەمان شێوە ئاماژەی پێکراوە لە دوای گۆڕینەوەی ئەرکی بەڕێوەبەری ناحیەی توزخورماتو و بەڕێوەبەری ناحیەی پشدەر، بەڕێوەبەری ناحیەی توزخورماتو دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە و بەرەو ناحیەی پشدەر بەڕێکەوتووە، دوای گەیشتنی بۆ قەزای مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە)، بە بیانووی هەستیاری ناوچەکە، موتەسەرفی سەنجەقی سلێمانی ڕێگەی پێ نەداوە بچێتە پشدەر، ناوبراو بە ناچاری گەڕاوەتەوە دەرسەعادەت[5] و بە لایەنی پەیوەندیداری ڕاگەیاندووە کە زوڵمی لێکراوە، لێرەدا هەم زوڵم لە ناوبراو کراوە، کە لە کارە کۆنەکەی لادراوە و هەم لە کارە نوێیەکەی بێبەش کراوە، جگە لەمە بێ تاقیکردنەوەی توانا و لێهاتووی ناوبراو بڕیاری یەکلاییکرەوەی لەسەر دراوە، گوایە شوێنەکە شوێنێکی هەستیارە و ناوبراو ناتوانێت ئەرکەکەی بەڕێوە ببات (BOA, DH.MKT, 59.2)، هەروەها لە مێژووی (12) ڕەبیعی کۆتایی (1321) (8 تەمموز 1903) پەرتۆ ئەفەندی قائیمقامی قەزای بازیان داوای گواستنەوەی ئەرکەکەی کردووە (BOA,

---

سوارەیەکیش (5) بلۆک، هەرچی تۆپچییەکانە (6) تۆپ و بۆ هەر تۆپچییەک (4) تۆپ بە ئالایەک قەبوڵ کراوە، بەرپرسی گەورەی ئالای، میری ئالای بووە، جگە لەمەش ئیمامی ئالای، موفتی ئالای پێکدەهات، لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەرەتا لە بۆنە و مەراسیمەکانی دەوڵەت کاروباری کارگێری و سەربازیان ڕێکخستووە و لە سەدەی (19) بە دواوە وەکو یەکەیەکی سەربازی کاریان کردووە (Kazıcı, 1989, c. 2, 347).

[3] پلەیەکی سەربازییە، وەکو ئەفسەر لە یەکەی سەربازیدا سەرپەرشتی، یان سەرکردایەتی (1000) سەربازی کردووە (Özcan, 1992, c. 6, 179).

[4] کرویا (Kruya) شار و قەڵاییەکی مێژووییە لە ئەلبانیا لە سەردەمی عوسمانییەکان بە ئاقچەحیسار ناسراو بووە (Machiel Kiel, 2002, c. 26, 293).

[5] دەرسەعادەت واتە ئیستەنبۆڵ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (توێژەر).

DH.MKT, 738.38)، بۆیە لە مێژووی (6) شەعبان (1321) (28 تشرینی یەکەم 1903) ئەرکەکەی گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی ئاکرێ (عەقرە)، قائیمقامیەتی قەزای بازیانیش بە بەتاڵی ماوەتەوە، فەرمانبەرێک نەبووە لە چینی دووەم هەڵبژێردراو و دەرچووی مەکتەب بێت، ئارەزووی ئەم ئەرکە بکات (BOA, DH.MKT, 789.68).

یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی بارودۆخی سەنجەق بەڕێوەبردنی سەنجەقەکە بە وەکالەت بووە (BOA, DH.ŞFR, 318.89). دەوڵەتی عوسمانیش درکی پێکردووە بەهۆی گرنگی شوێنی ستراتیژی سەنجەقی سلێمانی گونجاو نەبووە کارگێڕییەکەی بە وەکالەت بەڕێوە ببردرێت (BOA, BEO, 2655199090; 2662.199648)، لە مێژووی (30 رەبیعی یەکەم 1323) (4 حوزەیران 1905) (سەیید ئەحمەد ئەفەندی) بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان کاری کردووە، داوا کراوە بە شێوەیەکی فەرمی دابمەزرێت و وەکالەتەکەی کۆتایی پێ بێت (BOA, Y.A.RES, 130.93)، هەروەک لە مێژووی (21 زیلقەعدە 1325) (26 کانوونی یەکەم 1907) حکوومەت هەستی بە هەستیاری ئەم کارە کردووە، لەبەر گرنگی قەزای بازیان پێی باش نەبووە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، ئەم ئەرکە بە وەکالەت بەڕێوە ببردرێت (BOA, İ.DH, 1464.19).

لە کاتی گۆڕینی ئەرکی فەرمانبەر کاتێکی زۆری خایاندووە، هەتا فەرمانبەرێکی تر دامەزراوە و چۆتە لەسەر کارەکە، ئەم ماوەیە زۆرەش شوێنەکە بەتاڵ ماوەتەوە، بۆیە ئەرکەکە بە وەکالەت بەڕێوەبردراوە (BOA, BEO, 2318.173795)، یا ئەوەتا دوای دامەزراندن فەرمانبەر نەچۆتە لەسەر ئەرکەکەی بەمەش شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە، بە ناچاری لە لایەن کەسێکی تر بە وەکالەت بەڕێوە بردراوە، ئەوەی بە وەکالەتیش ئەرکەکەی بەڕێوەبردووە، ئەرکێکی تری هەبووە و لە یەک کاتدا دوو ئەرکی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە زانیاری مێژووی (26 شەعبان 1323) (26 تشرینی یەکەم 1905) هاتووە، (ڕەزا بەگ) لە قائیمقامیەتی قەزای (مەرگە) (مەعمورەتوولحەمیدیە) دامەزراوە، بەڵام دوای تێپەربوونی (3–4) مانگ لە ئەرکەکەی دەست بەکارنەبووە، لەلایەن (ساڵح ئەفەندی) فەرمانبەری ئەوراقی سەنجەقی سلێمانی ئەرکەکە بەڕێوەبردراوە، لێرەدا ناوبراو نەیتوانیوە بپرژێتە لەسەر دوو ئەرک، هەروەها بەهۆی دووری قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە و مەرکەزی سەنجەق لە یەکتر هاتووچۆ ئەستەم زەحمەت بووە، جگە لەمە لە دوو ئەرکدا یەک مووچەی وەرگرتووە و لە ڕووی بژێویەوە زەرەر و زیانی پێ گەیشتووە (BOA, DH.MKT, 1020.22)، هەروەها لە مێژووی (22 جەمادی کۆتایی 1323) (24 ئاب 1905) (سالم پاشا) موتەسەرفی سلێمانی ئەرکەکەی بۆ موتەسەرفیەتی کەرکووک گوازراوەتەوە، تا دامەزراندنی موتەسەرفێکی تر مەکتووپچی (حافز زەکی ئەفەندی) بە وەکالەت کارەکەی بەڕێوەبردووە (BOA, BEO, 2650.198722)، لە مێژووی (5 جەمادی یەکەم 1324) (27 حوزەیران 1906)یش سەنجەقی سلێمانی لە چاوەڕوانی موتەسەرفێک بووە دابمەزرێت، موتەسەرفیەت لەلایەن میری لیوا (یووسف پاشا) بەڕێوەبردراوە و ئەرکەکانی سەنجەقی لە ئەستۆ گرتووە (BOA, DH.MKT, 1095.14)، یاخود بەهۆی لێنەهاتوویی فەرمانبەرەکە دەوڵەت ناچار بووە دووری بخاتەوە، لە مێژووی (20 شەعبان 1272) (26 نیسان 1856) (ئەحمەد ئەفەندی) بەڕێوەبەری قەزای گوڵعەنبەر لە ئەرکەکەیدا دوور خراوەتەوە، لە شوێن ئەو (عەبدوڵڵا ئاغا) خانەدانی لیوای ناوهاتوو و ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی[6] بە وەکالەت کارەکەی بەڕێوە بردووە (BOA, İ.MVL, 353.15432)، هەروەها لە مێژووی (8 شەوال 1335) (28 تەمموز 1917) سەنجەقی سلێمانی ماوەیەکی زۆر بەهۆی سەفەربەرلیکەوە[7] موتەسەرفەکەی بە ناوی (فەهمی بەگ) لە دەرسەعادەت بووە و ئەرکەکە بە وەکالەت بەڕێوەبردراوە، داواکراوە بەپەلە و بە کورتترین ڕێگا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دەست بە کارەکەی بکات (BOA, DH.ŞFR, 346.60).

---

[6] لە (1849) لەلایەن (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) پەسەندکراوە، لە ئەنجوومەنی واڵاش بڕیاری دامەزراندنی لەسەر درا، ئەم ئەنجوومەنە لە سەنجەقەکان کاروباری سەربازی، دارایی، پەروەردە، تەندروستی و شارەوانی بەڕێوەبردووە، لەم ئەنجوومەنە ئەندامی ئاسایی کە لە موتەسەرف، نائیب، ژمێریار، بەڕێوەبەری نووسین، موفتی، فەرمانبەری کشتوکاڵ، ئەندازیاری نافیعە لەگەڵ ئەندامانی هەڵبژێردراو کە لە (4) ئەندام (2) موسڵمان و (2) ناموسڵمان پێکدەهات (Ali Fuat Örenç, 2020, c. 31, 378).

[7] سەفەربەرلیک (seferberlik) دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی شەڕدا کە پێویستی بە سەرباز بووە بۆ جیهاد داوای سەربازی کردووە، خەڵکانێک ئامادەبوون بەشداری ئەم شەڕانە بکەن، واتە بەم کەسانە ووتراوە کە بۆ جیهاد خۆیان ئامادەکردووە، تا بچنە شەڕ یاخود بۆچوونە شەڕ لە ئامادەباشیدا بوون، (Alimcan Buğda, 2019, 34, 366).

هەندێکجار هەڵەی کارگێڕی ئەنجامدراوە، لە یەک ساڵدا دوو کەس وەکو قائیمقام بڕیاری دامەزراندنی دەرچووە، لە مێژووی (7 جەمادی کۆتایی 1326) (7 تەمموز 1908) (حەسەن ئەفەندی و ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی) بڕیاری دامەزراندنیان دەرچووە، لە مێژووی (4 موحەررەم 1327) (26 کانوونی دووەم 1909) (حەسەن ئەفەندی) بینباشی نیزامیە وەکو قائیمقام لە قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە بڕیاری دامەزراندنی دەرچووە، کەچی لە مێژووی (8 جەمادی کۆتایی 1327) (27 حوزەیران 1909) (ئیبراهیم ئەفەندی) قائیمقام بووە (BOA, DH.MKT, 2731.39; 2857.53).

بوختان کردن بە فەرمانبەر، فەرمانبەری لە ئەرکەکەی دوورخستۆتەوە، لە مێژووی (9 موحەررەم 1311) (23 تەمموز 1893) بوختان بە مەلیک ئەفەندی ژمێریاری پێشووی سەنجەقی سلێمانی، (محەمەد کامیل) نائیبی پێشووی سەنجەق، (عەلی ڕەزا) سەرۆکی پێشووی دادگا، (سلێمان فائیق) یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتی، (حەسەن نوری) باش کاتیبی پێشووی دادگا، (شێخ ئەحمەد ئەفەندی) بریکاری ژمێریاری ئەوقاف، (ساڵح بەگ) باش کاتیبی دەیەکی (عشر)[8] پێشوو، (حەسەن ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی) فەرمانبەرانی لێکۆڵینەوە کراوە، لە ئەنجام لە ئەرکەکەیان دوورخراونەتەوە و دراونەتە دادگا (BOA, DH.MKT, 267.2)، بەڵام دادگاییکردنەکەیان هەڵوەشاوەتەوە، دوای ئەم ڕووداوەش (مەلیک ئەفەندی) چۆتە دەرسەعادەت (BOA, ŞD, 2963.23).

شوێنگۆڕکی بە فەرمانبەرانی دەوڵەت، لە کاتی سزادانی فەرمانبەرێک، سەنجەقێکی تر باجەکەی داوە، بۆ نموونە بە گونجاو نەزانراوە (جەلال پاشا موتەسەرفی) کەرکووک لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، لەم کاتەی سەنجەقی سلێمانی کێشەی لە موتەسەرف نەبووە، لە مێژووی (11 جەمادی یەکەم 1313) (30 تشرینی یەکەم 1895) بڕیار دراوە (عەبدولرەحمان پاشا موتەسەرفی سەنجەقی) سلێمانی لە شوێن ئەو دابنرێت و بۆ موتەسەرفی سلێمانیش (ساڵح پاشا) موتەسەرفی سەنجەقی چۆروم[9] دابنرێت (BOA, İ.DH, 1328.24)، بەم شێوەیەش گۆڕینەوەی ئەرکەکان زیانی بە سەنجەقی سلێمانی گەیاندووە، یا ئەوەتا خودی فەرمانبەرەکە بە هۆکاری جیاجیا ڕازی نەبووە، لە ئەرکەکەی دەست بە کار بێت، لە مێژووی (4 جەمادی کۆتایی 1314) (10 تشرینی دووەم 1896) (حوسێن ئەفەندی) لەبەر کێشەی جەستەیی لە موتەسەرفی سەنجەقی سلێمانی ئەرکەکەی وەرنەگرتووە، میری میران (خەیری ئەفەندی) لە موتەسەرفی جەبەل بەرەکەت بووە و نێوانی لەگەڵ والی ئەدرنە[10] باش نەبووە، مانەوەی لە ئەرکەکەی بە گونجاو نەزانراوە، دەوڵەت بەباشی زانیوە ئەرکەکەی بۆ موتەسەرفیەتی سەنجەقی سلێمانی بگوازێتەوە (BOA, İ.DH, 1341.53)، کەچی لە مێژووی (15 شەعبان 1314) (19 کانوونی دووەم 1897) (خەیری ئەفەندی) لە موتەسەرفی سلێمانی ڕایگەیاندووە بە بیانووی شەرعی ناتوانێت لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، بەم جۆرە موتەسەرفیەتی سەنجەق تووشی بۆشایی کارگێڕی کردووە و ماوەیەکی دوورودرێژ بێ موتەسەرف بووە (BOA, İ.DH, 1344.24)، هەروەها (ساڵح وەسفی ئەفەندی) لە مێژووی (11 زیلقەعدە 1324) (27 کانوونی یەکەم 1906) لەبەر کێشەی تەندروستی و جەستەیی نەیتوانیوە لە کارەکەی بەردەوام بێت، داوا کراوە (تۆفیق بەگ) قائیمقامی نەوشەهیر لە شوێنەکەی دابمەزرێت، کەچی تۆفیق بەگ تا مێژووی (10 موحەررەم 1325) (23 شوبات 1907) دانەمەزراوە، دووبارە نووسراو کراوە تاوەکو دابمەزرێت (BOA, İ.TAL, 415.49).

---

[8] وشەی دەیەک بە واتای (10/1) دێت، لە دەوڵەتی عوسمانی ووشەی عوشر بەکارهاتووە، کە ووشەیەکی عەرەبیە، باجێکە بە تایبەت لە دانەوێڵە وەرگیراوە، جوتیار ئەو زەوییەی کشتوکاڵی لەسەر کردووە خودی خۆی خاوەنی نەبووە، وەکو کرێچییەک وابووە، خاوەنی ڕاستەقینەی زەوییەکە دەوڵەت بووە، لە بەرامبەر ئەو زەوییەی کە جووتیارەکە کشتوکاڵی لەسەر دەکرد کرێی داوەتە دەوڵەت. ئەمەش پێی دەوترا دەیەک. باجەکەش بە دوو جۆر دراوە، دانەوێڵە وەکو گەنم، جۆ، گەنمەشامی، نۆک و لۆکە هەمان بەرهەم وەرگیراوە، هەرچی سەوزە و میوە لەگەڵ بەرهەمی باغ و باخچە و بێستان پارە وەرگیراوە (Ünal, 2013, 160–161).

[9] سەنجەقی چۆروم (Çorum sancağı) لە کۆتاییەکانی سەدەی (16 ) وەکو سەنجەق سەر بە ئەیالەتی روم بووە ( Mehmet Çanlı, 2013, 8).

[10] ویلایەتی ئەدرنە لە بەشی ڕومێلی گەورەترین ویلایەتی دەوڵەتی عوسمانییە، لە باکور ویلایەتی ڕومێلی، لە ڕۆژهەڵات ویلایەتی قەرەدەنیز و ئیستەنبۆڵ، لە باشوور دەریای مەڕمەڕە و دوورگەی چانقەلا و دەریای دوورگەکان، لە ڕۆژئاواش ویلایەتی سەلانیک دەورەدراوە (Ramazan Özey 2002, 6, 6).

## 1.2. سەرپێچی و زۆرداری فەرمانبەرانی کارگێڕی و پەیوەندییان بە عەشیرەتەکان

ئەوەی پێشووتر باسکرا لە هۆکارەکانی شکستی کارگێڕی لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانبەران و ئەوان هۆکارێک نەبوون لە کەموکوری و کێشەی کارگێڕی، بەڵام لێرەدا بەشێک لە فەرمانبەران دەستیان لە دروستبوونی کێشە و کەموکورییەکاندا هەبووە، ئینجا سەرپێچییەکان بە تەنیا یا بە هاوکاری بەشێک لە عەشیرەتەکان ئەنجامدراوە، هەندێک لە فەرمانبەران لە وەرگرتنی دەسەڵات بە مەبەستی خۆهەڵکێشان و بەدەستهێنانی پلەوپایەی کۆمەڵگا یا دەستکەوتنی سەروەت و سامان بووە، ئەم دوو بەرژەوەندییەش لە ڕێگای سەرپێچی یاساییەوە دەستکەوتوون، بۆ نموونە (سەیید ئەحمەد ئەفەندی) لە سەنجەقەکانی کەرکووک و سلێمانی پلەی قائیمقام بووە، کەچی کەسێک بە ناوی (حەفید شێخ مستەفا ئەفەندی) خۆی وەکو قائیمقام ناساندووە و پێچەوانەی یاسا لە ئەنجوومەنی کارگێڕی لیوا لەگەڵ چینی ئەندامانی ئاسایی کاری کردووە، ئەمەش بۆ تە هۆکاری دروستبوونی ناکۆکی و دووبەرەکی کارگێڕی لە نێوان فەرمانبەرانی کارگێڕی، لە ئەنجام لەلایەن شێخ و سەییدەکان داواکاری بە مۆر و واژوو ڕەوان کراوە، تا چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە (BOA, DH.MKT, 391.75). جگە لە سەیید، شێخ و پیاوماقولانی سەنجەق بە هەمان شێوە پیاوانی عەشیرەتیش بە بێ بڕیار و فەرمان شوێنێکی کارگێڕیان دەستبەسەرداگرتووە و بەڕێوەیان بردووە، لە مێژووی (29 ڕەبیعی یەکەم 1324) (23 ئایار 1906) دوای لێکۆڵینەوەی حکومەت دەرکەوتووە ڕەسووڵ ئاغا لە بنەرەتدا لەلایەن دەوڵەتەوە بە بەڕێوەبەر دانەمەزراوە (BOA, DH.MKT, 1089.68)، وا پێدەچێت بەهۆی ئەم دەسەڵاتەی کە هەیەتی لە ناوچەکە لە خۆیەوە وەکو بەڕێوەبەر خۆی ناساندبێت و سەپاندووە، بۆیە لە بارەی ئەنجامی ڕەفتاری عەشیرەتەکان و دەوڵەتی عوسمانی دەتوانین بڵێین:

عەشیرەتەکان:

1. دەسەڵاتدارانی عەشیرەت توانیویانە خەڵکی ناوچەکە بخەنە لژێر ڕکێفی خۆیان و دەستیان بەسەر کارگێڕی ناوچەکەش داگرتووە.

2. نەیانویستووە کەسی بێگانە کارگێڕی ناوچەکە بەڕێوەببات.

هەرچی دەوڵەتی عوسمانی:

1. دووری ناوچەکە لە مەرکەز کەمتر ئاگاداری ڕووداوەکان بووە و درەنگ بە هەواڵی ڕووداوەکانی زانیوە.

2. زاڵبوون و سنووردانان بۆ چالاکی عەشیرەتەکان ئەستەم بووە.

شایانی باسە ناکۆکی نێوان فەرمانبەران لایەنێکی دیکەی ئەو کێشانەن کە لە ناوچەکەدا هەبووە، بۆ نموونە لە مێژووی (24 ڕەجەب 1312) (21 کانوونی دووەم 1895) لە نێوان موفتی پێشووی سەنجەقی (سلێمانی سەیید محەمەد ئەفەندی و شێخ سەعید ئەفەندی نەقیب) ناکۆکی هەبووە، ئەم ناکۆکی و دووبەرەکیەی لە نێوان فەرمانبەران کاری کردۆتە لەسەر لاواز بوونی کارگێڕی حکومەت لە ناوچەکە، بۆ کۆتایی هێنان، بەم ناکۆکیە دەوڵەت هەوڵی داوە بیانهێنێتە موسڵ و نێوانیان ئاشت بکاتەوە (BOA, Y.A.HUS, 317.67). (سەیری پاشکۆی ژمارە (2) بکە).

دەوڵەت و پەیوەندیدارانی باڵای سەنجەق بۆ کۆتایی هێنان، بە کاری چەتەیی و تاڵان، کەسی بە توانا و خاوەن بڕیاری دامەزراندووە، بەڵام هەندێک جار ئەم کەسە لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە متمانەی دەوڵەت بەدەست بهێنێت، حکومەت ناچار بووە کەسێکی گونجاویتر بخاتە شوێنیەوە، لە مێژووی (14 ڕەجەب 1305) (27 نیسان 1888) (عومەر ئەفەندی) قائیمقامی قەزای بازیان بەهۆی سەرنەکەوتنی لە کۆتایی هێنان بە کاری چەتەیی هەندێک لە هەمەوەندەکان، بڕیاری داوە (حوسێن ئەفەندی) بخرێتە شوێنی، چونکە سەرکەوتوو بووە لە کارەکەی (BOA, DH.MKT, 1497.10).

لەلایەکی تر کەمتەرخەمی فەرمانبەرانی سەربازی و مولکیە لە ئەرکەکەیان حکوومەت بڕیاری گۆرینی شوێنی ئەمانەی داوە (BOA, DH.MKT, 575.33)، لە مێژووی (2 زیلقەعدە 1308) (9 حوزەیران 1891) هاتووە دانیشتوانی سەنجەقی سلێمانی لە زوڵمی چەتەکان بێزار بوون، ئەگەر بارودۆخ بەم شێوەیە بڕوات، ناچار دەبن بۆ ئێران کۆچبکەن، کە بەشێکیش بۆ ئێران کۆچیان کردووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش دانیشتوان بە نوێنەری خۆیان (حاجی

عەبدولکەریم زادە ئەمین ئەفەندی) نێردراوەتە دەرسەعادەت، تا سکاڵای دانیشتوان بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام ماوەی (2) ساڵ لە دەرسەعادەت سوڕاوەتەوە، تا ئەنجامێکی دەست بکەوێت، جگە لەمەش دانیشتوانی سەنجەقی سلێمانی لە ماوەی ئەم (2) ساڵەدا (6000) لیرەیان لە ناردنی تەلەگرافنامە خەرجکردووە، کەچی کەس بە هانایانەوە نەهاتووە و وەڵامیان نەدراوەتەوە (BOA, Y.PRK.BŞK, 21.76)، لەم نووسراوەدا دەردەکەوێت فەرمانبەر و فەرمانگەکانی ناوچەکە لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە چاوپۆشیان کردووە هیچ هەنگاوێکیان نەهاویشتووە، هەروەها لە زانیاری مێژووی (17 زیلقەعدە 1311) (22 ئایار 1894) ئاماژەی پێکراوە قائیمقام (راسم بەگ) موتەسەرفی سەنجەقی سلێمانی کاروباری سەنجەقەکەی پشتگوێ خستووە و خەریکی ڕابواردن و خۆشی خۆی بووە، لەگەڵ ئەمانەش گوێ بیستی کێشەی خەڵک نەبووە و هەوڵی نەداوە کێشەکان چارەسەربکات، بەڵکو کاروباری ناوچەکەی داوەتە دەست ئاغای بلۆک (bölük ağası)[11] بە ناوی (حوسێن ئاغا) و ناوبراویش لەگەڵ زۆربەی فەرمانبەران و ئەندامانی کارگێڕی ناوچەکە نزیکایەتی و دۆستایەتی هەبووە، بەمەش کوشتن و بریندار بوون و ڕووداو زۆر بووە (BOA, DH.MKT, 240.33). لە مێژووی (8 موحەررەم 1327) (30 کانوونی دووەم 1909)یش (تۆفیق پاشا) موتەسەرفی سلێمانی نەیتوانیوە ناکۆکی نێوان سەیید و شێخەکان چارەسەر و بنبر بکات، بۆیە بە گونجاو نەزانراوە لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت (BOA, DH.MKT, 2724.54)، تا مێژووی (14 شەوال 1328) (19 تشرینی یەکەم 1910) ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە و کاروباری لیوا ناجێگیر بووە، بۆیە دووپاتکراوەتەوە بڕیار دراوە لە شوێنی ئەو بەهجەت بەگ قائیمقامی مەرکەزی ئەدرنە دابمەزرێت (BOA, İ.DH, 1484.12)، بەڵام لەگەڵ ئەم سکاڵا و گلەییەی لەسەر ئەم فەرمانبەرە کەمتەرخەمانە هەبووە، لە شوێن ئەوەی دووربخرێنەوە، کەچی دەوڵەت لە شوێنێک ئەرکی لێ وەرگرتۆتەوە و لە شوێنێکی تر ئەرکی پێ داوە، بۆ نموونە خەیری ئەفەندی قائیمقامی پێشوو لە قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە دامەزراوە (BOA, BEO, 2238.167842). یاخود کە ئەرکێکی تایبەت بە فەرمانبەران دراوە، تا جێبەجێی بکەن، لەم ئەرکە سەرپێچیان کردووە، بۆ نموونە لە مێژووی (26 زیلحیجە 1278) (24 حوزەیران 1862) میری میران مستەفا پاشا قائیمقامی سلێمانی لە ئاشتکردنەوەی نێوان عەشیرەتەکانی بلباس و پشدەریەکان، کەچی خودی خۆی لە شوێنی مەبەست سەرپێچی کردووە (BOA, A.MKT.UM, 574.26)، هەروەها لە مێژووی (11 شەعبان 1309) (11 نیسان 1892) قائیمقامی قەزای شارباژێر (عەبدولقادر بەگ) لەگەڵ پشدەریەکان و شێوەگلیەکان بوێری کاری خراپیان کردووە، دەرکەوتووە قائیمقامی ناوبراو دەستی لە کارە سەرپێچیەکاندا هەبووە، بۆیە حکومەت بڕیاری دوورخستنەوەی داوە (BOA, DH.MKT, 1931.55)، لە مێژووی (22 سەفەر 1310) (15 ئەیلوول 1892)یش لەلایەن ڕەسووڵ ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی شێوەگل و قائیمقامی پێشووی شارباژێر نووسراوکراوە و تێدا ئاماژەی پێکراوە کە پشدەریەکان بە هاندانی نەقیبی (سلێمانی مستەفا ئەفەندی) و قائیمقامی شارباژێر و مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە) دەستدرێژیان بەرامبەر شێوەگلیەکان کردووە، بۆ ئەمەش ئەفسەری فرقەی چاکسازی (Fırka-i Islâhiyye)[12] فەریق میری میران (عومەر وەهبی پاشا) ئەرکی پێدراوە، تا لە کارەکە بکۆڵێتەوە (BOA, DH.MKT, 2001.81).

جگە لەمە هەندێک فەرمانبەر خزمایەتیان لەگەڵ ئاغاکانی عەشیرەت هەبووە و بە هاوکاری یەکتر سەرپێچی یاساییان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت ئەنجامداوە، بۆیە دەوڵەت ئەم جۆرە فەرمانبەرەی لە کارەکەی دوور خستۆتەوە، لە مێژووی (10 ڕەجەب 1309) (9 شوبات 1892) (ئەحمەد تۆفیق بەگ) ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی سەنجەقی سلێمانی لەبەر ئەوەی ژن و ژنخوازی و نزیکایەتی لەگەڵ (مەحمود پاشا) سەرۆک عەشیرەتی جاف (1846–1921) هەبووە، لە ئەرکەکەی دوورخراوەتەوە (BOA, DH.MKT, 1920.104)، نموونەیەکی تری لەم جۆرە (بابەکر قادر ئاغا) پشدەری هێرشی کردۆتە لەسەر (عەلی ئاغای بانەیی، ڕەسووڵ ئاغا) بەڕێوەبەری مەرگە (مەعمورەتوولحەمیدیە) کوڕە مامی

---

[11] لە دامەزراوەی ئۆجاغی یەنیجەری لە 1000 کەس و 10 بلۆک پێکدەهات، هەر بلۆکێک 100 کەسی لەخۆدەگرت. دواتر بلۆکەکانی ئاغا دامەزرا، کە هەر بلۆکێک 50 نەفەری لەخۆدەگرت و لەلایەن بلۆک باشی بەڕێوەدەبردرا (Özcan, 1992, c. 6, 324).

[12] لە شەڕی جەبەلبەرەکەت دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بە سەرباز بوو، داوای سەربازی کرد، بەڵام عەشیرەتەکان دژی ئەم بریارەی دەوڵەت وەستانەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، لە 1853 فرقەی چاکسازی دامەزراوە، کاری ئەم فرقەیە کۆکردنەوەی سەرباز بوو بۆ جەنگ، هەروەها دەستەبەرکردنی ئاسایش و کۆکردنەوەی باج و هاندانی کشتوکاڵ بە ڕێگەی نیشتەجێکردنی عەشیرەتە کۆچەرەکان بوو (Yusuf Halaçoglu, 1996, c. 13, 35).

(بابەکر قادر ئاغا) بەهۆی خزمایەتیەوە لە پاڵ عەشیرەتی پشدەر بووە، ئەرکەکەی لە بەرژەوەندی خزمایەتی بەکارهێناوە، لە جیاتی ئەوەی عەشیرەتەکان لە کێشەی ڕووبەڕووبوونەوە دوور بخاتەوە، بە پێچەوانەوە عەشیرەتی پشدەر و عەشیرەتەکانی بانەی لە دژی یەکتر هان داوە، بۆیە مانەوەی لە ئەرکەکەی بە گونجاو نەزانراوە (BOA, BEO, 2835.212616).

پێچەوانەی زانیاری سەروو لەم کاتەی دەوڵەت ڕازی نەبووە فەرمانبەر لەگەڵ ئاغاکانی عەشیرەت نەرم بێت، بەڵام لەلایەکی تر خودی خۆی بە مەبەستی دوو ئامانج ئەرکی بە سەرۆک عەشیرەت داوە، یەکەمیان: تا ناچار نەبێت، ڕووبەڕووی عەشیرەت ببێتەوە، بەڵکو بەم جۆرە لە دەوڵەتی نزیک کردۆتەوە. دووەمیان: لە ڕێگای سەرۆک عەشیرەتەوە خەڵکی عەشیرەتەکەی ڕازی کردووە، لە هەمان کاتیشدا لە کاری چەتەیی دووری خستۆتەوە و ملکەچی دەوڵەتی کردووە، بەڵام ئەمە چارەسەر نەبووە، بەڵکو بە وەرگرتنی پۆستی کارگێڕی سەرپێچی سەرۆک یاخود ئاغای عەشیرەت زیاتر و فراوانتر بووە، بۆ نموونە (مەحمود پاشا) سەرۆک عەشیرەتی جاف لەگەڵ فەرمانبەرانی ناوچەکە ڕێککەوتووە، هەرچی زەوی و زاری بە پیت و ڕووباری باش هەبووە لەسەر ناوی خۆی تاپۆی کردووە (BOA, Y.PRK.BSK, 14.18)، بۆیە لە زانیارییەکانی مێژووی ( 21 ڕەبیعی یەکەم 1306) (25 کانوونی یەکەم 1888) هاتووە (مەحمود پاشا) سەرۆکی عەشیرەتی جاف و قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر بە پلەی میری میران، بەهۆی سەرپێچی و زوڵم و زۆرداریەکەی بڕیار دراوە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە ئورفە یا حەما، لە شوێن ئەویش براکەی (عوسمان بەگ) دامەزراوە (BOA, A.MKT.MHM, 498.70)، لەم بەڵگەیەش دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی برا لە دژی برا عوسمان بەگی لە دژی (مەحمود پاشا) بەکارهێناوە، دواتر عوسمان بەگیش وەکو براکەی بە هاوکاری فەرمانبەرانی ناوچەکە زەوی و زار و مولکی خەڵکی بە مامەڵەی ساختە و بە زۆرەملێ تاپۆکانی دەست کەوتووە و بە ناوی خۆی کردووە، جگە لەمە داهاتی قەزاکەی کۆکردۆتەوە و ڕادەستی خەزینەی نەکردووە (BOA, BEO, 3023.226695).

لەلایەکی تر هەندێک لە فەرمانبەر بۆ پڕ کردنی گیرفان، بەرژەوەندی گشتی و خەزینەی دەوڵەتی بە هەند وەرنەگرتووە و پارەی دەوڵەتی دزیوە (BOA, ŞD, 2158.27)، لە مێژووی (10 جەمادی یەکەم 1301) (8 نیسان 1884) قائیمقامەکانی قەزای بازیان و شارباژێر بە ناوی (عەبدولرەحمان بەگ) لەگەڵ داوود ئەفەندی پارەی دەوڵەتیان دزیوە، بۆیە دراونەتە دادگا و بڕیار دراوە لە شوێن ئەمانە کەسانی گونجاو دابمەزرێن (BOA, İ.DH, 910.72271)، هەروەها (سەیید ئەحمەد ئەفەندی) بە دزینی (100.000) قوروش[13] لە پارەوپولی میری تاوانبار کراوە، بۆیە لە مێژووی (15 ڕەبیعی کۆتایی 1307) (9 کانوونی یەکەم 1889) دەستی لە کار کێشاوەتەوە و بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە میری ئالای (ئیسماعیل بەگ) ئەرکی پێدراوە، بەڵام دووبارە لە (30 ڕەبیعی یەکەم 1323) (4 حوزەیران 1905) (سەیید ئەحمەد ئەفەندی) بە قائیمقامی قەزای بازیان دامەزراوەتەوە (BOA, DH.MKT, 1680.4)، ئەمەش یەکێک بووە لە شکستەکانی کارگێڕی، کە دوای تاوان دووبارە ئەرکیان پێ دراوەتەوە. لە مێژووی (3 ڕەجەب 1308) (12 شوبات 1891)یش قائیمقامی بازیان لە داهاتی ساڵی (1305ک/1887-88ز و 1306ک/1888-89ز) ی مەعاریف (پەروەردە) بڕی (12.000) قوروشی بردوە و خستۆیەتیە گیرفانی، چەند جارێک لەلایەن دەوڵەت داوای پارەکە کراوە، بەڵام نەیگەڕاندۆتەوە (BOA, DH.MKT, 1808.86)، جگە لەمە لە مێژووی (8 جەمادی یەکەم 1314) (15 تشرینی یەکەم 1896) بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ (سەیید محەمەد سەعید ئەفەندی) پارەوپولی دەوڵەتی خستوتە گیرفانی و بە پێویست زانراوە لە کارەکەی دووربخریتەوە (BOA, DH.SAİD, 71.149).

لەم کاتەی دەوڵەت ئەرکی بە فەرمانبەرێک داوە تا کۆتایی بە چەتەیی و دزی بهێنێت، کەچی خۆی دەستی لە ناو ئەم تاوانە هەبووە، بە گوێرەی زانیاری (13 جەمادی یەکەم 1311) (22 تشرینی دووەم 1893) لە ناو سەنجەقی سلێمانی کەلوپەلی بازرگانی ئیسحاق ساوجبۆلاقی بازرگان و (2) هاوەڵی دزراوە، لەگەڵ (3) کوردی بەگزادەی گوندی موشیش کوژراوە، لەم تاوانەدا قائیمقامی شارباژێر (ڕەسووڵ ئاغا) و کوڕەکەی سلێمان دەستیان هەبووە، باڵیۆزخانەی ئێران تەلەگرافی ناردووە، تا ئەمانە دەسگیر بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن (BOA, DH.MKT, 179.3).

جگە لە دزینی پارەی دەوڵەت و چەتەیی هەندێک لەم فەرمانبەرانە بوێری ئەنجامدانی تاوانی کوشتنیان کردووە، بۆ

[13] قوروش جۆرە دراوێکی عوسمانییە (Şevket Pamuk, 2002, c. 26, 458).

نموونە دوای ئەوەی بابەتی کوشتن بەسەر (بەکر ئەفەندی) سەرۆکی دادگای سەنجەقی سلێمانی ساغ بۆتەوە، لە مێژووی (19 شەعبان 1310) (8 نیسان 1893) بە بێ لێکۆڵینەوە دادگا (15) ساڵ زیندانی بەسەر سەپاندووە (BOA, BEO, 168.12592)، هەروەها لە مێژووی (14 رەجەب 1311) (21 کانوونی دووەم 1894) هاتووە (ئیبراهیم بەگ) قائیمقامی قەزای بازیان بە مەبەستی کوشتنی (سەیید مەحمود ئەفەندی) بەرێوەبەری دادگای پێشووی قەزاکە، کەسێکی بە ناوی بەکر گرتووە، تاوەکو بیکوژێت، بەڵام پێش ئەنجامدانی تاوانەکە ئاشکرا بووە (BOA, DH.MKT, 198.19)، لە مێژووی (22 شەوال 1311) (28 نیسان 1894) یش بڕیار لەسەر دادگایی کردنەکەی دراوە (BOA, BEO, 294.21992; 393.29458)، بە گوێرەی زانیاری مێژووی (10 جەمادی یەکەم 1320) (15 ئاب 1902) ناکۆکی لە نێوان پەرتۆ ئەفەندی قائیمقامی قەزای بازیان و (مەحمود زەکی بەگ) ئەندامی مەعاریف (پەروەردە) هەبووە، لەبەر ئەوەی (مەحمود زەکی بەگ) چەکی بەرامبەر قائیمقامی ناوبراو بەکارهێناوە دراوەتە دادگا (BOA, ŞD, 218.24).

### 1.3. دەستتێوەردانی فەرمانبەرانی سەربازی لە کاروباری کارگێڕی سەنجەق

لە سەنجەقی سلێمانی فەرمانبەر و پلەداری سەربازی وەکو فەرمانبەرانی مولکیە دەستیان لە کاروباری کارگێڕی ناوچەکە وەرداوە، بۆ نموونە لە کاتی گۆڕینی قائیمقامی سلێمانی، بەهۆی ڕازی نەبوونی فەرمانبەرانی سەربازی لە ئەفسەران و ئەندامانی ئاڵای (5) دا، کاروکردەوەی نایاساییان ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەت بۆ تەمبێ کردنی ئەمانە هیچ شتێکی پێ نەکراوە، لە مێژووی (23 موحەررەم 1267) (28 تشرینی دووەم 1850) داواکراوە ئاڵای ناوهاتوو و (2) بلۆکی تۆپچی نیزامیە هەڵبوەشێتەوە و سەربازەکانیشی بە هەمان پلە بۆ ئاڵایەکی تر بگوازرێنەوە (BOA, İ.DH, 1287.101294).

جگە لەمە دەستیان لە زوڵم کردن نەپاراستووە، لە زانیارییەکانی مێژووی (6 زیلحیجە 1319) (16 نیسان 1902) هاتووە، سەربازەکان لە مەرکەزی قەزای (مەرگە) مەعمورەتوولحەمیدیە هێرشیان کردۆتە لەسەر بازار و خەڵکیان ئەزیەت داوە، کەلوپەل و پارەوپولی خەڵکیان تاڵان کردووە (BOA, DH.MKT, 455.8). لە مێژووی (17 رەجەب 1326) (15 ئاب 1908)یش یوزباشی (فەهمی ئەفەندی) وەکیلی قوماندانی تابووری ژاندارمەی سەنجەقی سلێمانی تاوانباری ئازاد کردووە، لە هەمان کاتدا خەڵکی بێتاوان و بێ دەسەڵاتی لە پێش فەرمانگەی حکوومەت دارکاری و دەسگیری کردووە (BOA, ZB, 621.2).

## 2. کەموکوری دارایی و کاریگەری لەسەر چاکسازی دەوڵەت

### 2.1. کاریگەری فەرمانبەرانی مولکیە و سەربازی لە تێکچوونی دارایی سەنجەق

لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) (1876–1909) هەوڵدراوە کاروبارەکانی پەروەردە و سەربازی و ئاووئاوەرۆ بەرەوپێش ببردرێت و کێشەکانی چارەسەر بکرێت، هانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیش دراوە، بەڵام بەهۆی کورت هێنانی بودجە، سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) نەیویستوە بۆ ئەم کارانە هاوسەنگی بودجە بخاتە مەترسییەوە (Çetinsaya, 2020, 45-46). سەنجەقی سلێمانیش یەکێک بووە لەم سەنجەقانەی لە ڕووی داراییەوە تووشی هەڵکشان و داکشان بۆتەوە. حکومەت بۆ کرێی فەرمانگە و نۆژەنکردنەوە لەگەڵ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بە دوای شوێنگرەوە گەراوە، بەبێ شوێنگرەوە خەرجی دابین نەکردووە (BOA, DH.MKT, 1431.81).

یەکێک لەم گرفتانە نەبوونی نەخشە و پلان، لە خەرجکردنی داهات، لە مێژووی (14 شەوال 1304) (6 تەمموز 1887) داهاتی گشتی سەنجەقی سلێمانی (15) یوک[14] بووە، کەچی خەرجی سەربازی و مولکیە (55) یوک بووە (BOA, DH.MKT, 1427.12). لێرەدا خەرجی لە داهات زیاتر بووە، هەروەها هیچ شوێنگەرەوەیەکیش نەبووە تا بتوانرێت داهاتی پێ زیاد بکرێت و یەکسان بێت، بەم خەرجیەی کە کراوە، نەبوونی چارەسەرێکی بەپەلەش کارگێڕی سەنجەقەکەی

[14] یوک جۆرێکە لە کێش، کە بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، هەر بارێکیش بە گوێرەی قورسیەکەی باجی لێوەرگیراوە، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت، کە 1 یوک دەکاتە 500 هەزار قوروش (Ömer İşbiler, 2013, c. 44, 16).

خستۆتە مەترسی دارمانی دارایی، لێرەدا پێشنیار کراوە لە هاوردە و هەناردەی نێوان سەنجەق و ویلایەتەکاندا پێشەکی پارە بە قەرز وەربگیرێت، تا بتوانرێت داهات و خەرجی سەنجەقەکە یەکسان بکرێت (BOA, DH.MKT, 1432.115).
ئەم داهاتەی لە سەنجەقەکە کۆکراوەتەوە، بە ڕێکوپێکی نەنێردراوەتە خەزینە و بە شێوەیەکی ناڕێک لەلایەن فەرمانبەران خەرج کراوە، دەوڵەت ئەم کارەی فەرمانبەرانی بە سەرپێچی هەژمار کردووە، بۆیە لە ویلایەت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم فەرمانبەرانە کراوە و داوا کراوە ئەم فەرمانبەرانە دوور بخرێنەوە و گۆرینەوەیان پێ بکرێت (BOA, BEO, 2196.164635)، هەروەها لە مێژووی (26 رەجەب 1310) (13 شوبات 1893) لەم کاتەی کە پێویست بووە داهاتی ناوەخۆی ئەم سەنجەقە ڕەوانەی خەزینە بکرێت، کەچی لەلایەن کاتیب و فەرمانبەرانی سەنجەق بری (41.591) قوروش خەرج کراوە. لە ئەنجام بڕیار دراوە لە پارەی فەرمانبەران، ئەم پارەیە پڕ بکرێتەوە (BOA, BEO, 91.6782)، جگە لەمە لە زانیاری مێژووی (29 زیلحیجە 1312) (23 حوزەیران 1895) هاتووە، (444) قوروش داهاتی ساڵی ڕابردوو ڕەوانەی خەزینە نەکراوە، فەرمانبەرانی ناوچەکە بە ئارەزووی خۆیان خەرجیان کردووە (BOA, BEO, 647.48500). لە مێژووی (26 شەوال 1317) (27 شوبات 1900)یش بۆ خەرجی ناوەخۆ بری (400.000) قوروش و هەندێک لە سندوقی داهاتی سەنجەقی سلێمانی خەرج کراوە، لەم برە پارەیەش یەک ئاقچە[15] نەنێردراوەتە خەزینە و خەرج کردنی ئەم برە پارەیە زیانی بە سندوق گەیاندووە، بۆیە حکومەتی خۆچێی ئاگادار کراوەتەوە کە ئەم برە پارەیە لەم داهاتەی دەستدەکەوێت دانە بە دانە لە شوێن خۆی دابنرێتەوە (BOA, BEO, 1447.108496).
لە ڕووی کارگێڕییەوە زەوی و زاری کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەنەچووە و باجی دەیەک (عشر) بە باشی کۆنەکراوەتەوە، بە گوێرەی زانیاری (6 زیلحیجە 1306) (3 ئاب 1889) ئەم فەرمانبەرانەی لە سەنجەقی سلێمانی و مەرکەزی ویلایەت ئەرکیان پێ سپێردراوە داهات کۆبکەنەوە، کەچی داهاتی ساڵی (1304ک/1886–87ز) نەنێردراوە، بۆیە داواکراوە لەگەڵ داهاتی ساڵی (1305ک/1887–88ز) بەیەکەوە ڕەوان بکرێت (BOA, DH.MKT, 1645.118)، لە مێژووی (4 رەجەب 1309) (3 شوبات 1892) لە کاتی کۆکردنەوەی باج (عەلی رەزا پاشا) موتەسەرفی پێشووی سەنجەقی سلێمانی و (عوسمان بەگ) قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر ئەرکەکەیان پشتگوێ خستووە (BOA, DH.MKT, 1918.91). لە زانیاری مێژووی (22 شەوال 1319) (1 شوبات 1902) یش ئاماژەی پێکراوە، سێ یەکی داهاتی سەنجەق کەمی کردووە، موتەسەرف و ئەفسەری سلێمانی بە هاوبەشی بۆ سەروو تەلەگرافنامەیان ناردووە، بۆ ئەوەی نیازی ئەفەندی ژمێریار و (ئەمین ئەفەندی) کاتیبی خەرجی باجەکان لە ئەرکەکەیان دوور بخرێنەوە و لە شوێن ئەوان (مەعروف بەگ) باش کاتیبی ژمێریاری و بۆ خەرجی تۆماریش کەسێکی گونجاو بدۆزرێتەوە و دابمەزرێن (BOA, BEO, 1786.133947)، بۆ ئەم مەبەستە دوای (2) مانگ لە مێژووی (20 زیلحیجە 1319) (30 نیسان 1902) (حوسنی ئەفەندی) بەڕێوەبەری تۆمار و باج کراوەتە ژمێریاری سەنجەقی سلێمانی، تا چاکسازی لە ژمێریاری سەنجەقی سلێمانی بکات (BOA, BEO, 1818.136335).
لەلایەکی تر فەرمانبەران لە دزینی ئەم داهاتە بە دوور نەبوون، لە مێژووی (27 شەوال 1309) (25 ئایار 1892) هاتووە، بری (415.91) قوروش پارەی کۆکراوەی ساڵی (1295ک/1877–78ز تا 1306ک/1888–89ز) ڕەوانەی سندوق نەکراوە (BOA, BEO, 11.788). بە گوێرەی زانیاری مێژووی (25 رەمەزان 1319) (5 کانوونی دووەم 1902) بری (12.000.000) قوروش بوونی هەبووە، کەچی لەلایەن فەرمانبەران تۆمار و ڕەوان نەکراوە (BOA, BEO, 1775.133120)، هەروەها لە مێژووی (23 شەوال 1319) (2 شوبات 1902) دوای کۆکردنەوەی پارەی سەنجەقەکانی کەرکوک و سلێمانی برەکەی بە (300.000) قوروش مەزندە کراوە، لەلایەن ئەفسەری نیزامیە و یەدەگ پارەکە بردراوە (BOA, DH.MKT, 2582.125). جگە لەمە فەتحوڵڵا ئاغازادە (ئەحمەد ئاغا) فەرمانبەری مەڕوماڵاتی قەزای (مەرگە) (مەعمورەتوولحەمیدیە)، بەهۆی دزینی باجی مەڕوماڵات و وەرگرتنی باجی زیاتر لە خەڵک لە ساڵی (1320ک/1902–93ز) دراوەتە دادگا (BOA, DH.MTV, 49.1.41). لە هەمان کاتدا بەشێک لە فەرمانبەران بە هاوبەشی سەرۆک و ئاغاکانی عەشیرەت باجی زیادیان لە خەڵک وەرگرتووە و ڕادەستی خەزینەیان نەکردووە، لە (8 شەعبان 1277) (19 شوبات 1861) بە ناوی گۆرانکاری و ڕێکخستنی باج لە سەنجەقی سلێمانی ئەندامانی ئەنجوومەن (عەبدولعەزیز و کوڕەکەی عەبدوڵڵا ئاغا) لەگەڵ بەگەکانی عەشیرەتی جاف باجی زیادیان لە خەڵک وەرگرتووە (BOA,

[15] 1 قوروشی عوسمانی یەکسانە بە 120 ئاقچە، 120 ئاقچەش یەکسانە بە 40 پارە (Şevket Pamuk, 2002, c. 26, 459).

A.MKT.UM, 455.93). له (1317ک/1901ز) ئەم فەرمانبەرانەی بۆ کۆکردنەوەی دەیەک و باج چوونەتە سەنجەقی سلێمانی لەگەڵ هەندێک ئاغاکانی ناوچەکە ڕێککەوتوون و فەرمانبەرەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە ( BOA, Y.PRK.MŞ, 7.42). بێگومان ئەم هاوبەشی کردنەی نێوانیشیان لە بەرژەوەندی هەردوولا بووە، لە ئەنجام: 1. زیانی بە خەزینە گەیاندووە، 2. پارەی زیاتر لە دانیشتوان وەرگیراوە، 3. باجیان لە دانیشتوان وەرگرتووە، بەڵام لە تۆمارەکان وا نیشانیان داوە خەڵک باجی نەداوە، بۆیە دووبارە باج لە خەڵک وەرگیراوە.

جگە لەمە دەوڵەت لە کۆکردنەوە و ڕادەستکردنی باج جگە لە فەرمانبەران، پشتی بە سەرۆک عەشیرەتەکان بەستووە، کەچی خیانەتیان لە دەوڵەت کردووە و بەشێکی داهاتەکەیان بۆ خۆیان دزیوە، بە گوێرەی زانیاری دەفتەری تۆمار لە (1279ک/1862-63ز) بەدواوە لەسەر عەشیرەتی جاف بووە ساڵانە (3) یوک و (40.000) قوروش، (3.750) سەر مەڕ و بزن لەگەڵ (30.000) قوروش بداتە دەوڵەت لەگەڵ (30) نەفەر سەربازیش بنێرێتە خزمەتی سەربازی، کەچی بەم ڕێککەوتنە پابەند نەبووە، هەروەک لە نووسراوی (2 ڕەبیعی کۆتایی 1307) (26 تشرینی دووەم 1889) هاتووە بەگزادەکانی جاف (6-7) یوک قوروشیان کۆکردۆتەوە، بەشێکیان داوەتە دەوڵەت ئەوەی تریان خستۆتە گیرفانی خۆیان، تا (1293ک/1876-77ز) زیاتر لە (2) ملیۆن پارەیان لەسەر ماوە، کەچی بەگزادەکان بە واژووی خۆیان لە دەفتەر تۆماریان کردووە قەرزار نین (Y.PRK.ASK, 59.25)، لە مێژووی (4 زیلقەعدە 1305) (13 تەمموز 1888)یش هاتووە بە تۆمار سەلمێنراوە پێشتر داهاتی قەزای گوڵعەنبەر (23) یوک بووە، بەڵام کە (مەحمود پاشا) سەرۆکی عەشیرەتی جاف بۆتە قائیمقام داهاتەکە دابەزیوە بۆ (2) یوک، هەروەها بە گوێرەی ئەم مێژووە عەشیرەتی جاف لەسەریان بووە ساڵانە (3) یوک و (50.000) قوروش باج و (600) سەر مەڕ بدەنە حکومەت، کەچی دیسان (مەحمود پاشا) برەکەی دابەزاندووە بۆ (130.000) قوروش (BOA, Y.PRK.BŞK, 14.18).

## 2.2. کاریگەری دارایی لەسەر چاکسازی

لە سەنجەقی سلێمانی تەنگژەی دارایی بە جۆرێک خراپ بووە بۆ چاکسازی کردن لە ژمێریاری سەنجەقی سلێمانی، لەلایەن خەزینەوە فەرمانبەرێک ڕەوانی سلێمانی کراوە، داوا لە دەفتەرداریش کراوە مامەڵەی دارایی و ژمێریاری ڕەوان بکات، تا ووردبینی بۆ بکرێت (BOA, BEO, 551.41277; 541.40513). لەم سەنجەقەش چاکسازی پێویستی بەهێزی سەربازی بووە، بۆ جولەکردنی هێزی سەربازیش خەرجی پێویست بووە، لەم حاڵەتەدا هەر چەندە سەرباز ڕێکخراوە، بەڵام بەهۆی خەرج نەکردنی داهات، سەرباز جولەی نەکردووە، بەم شێوەیەش کاروکردەوەی چەتەگەری و ئاژاوەگێری زیادی کردووە (BOA, BEO, 1820.136478). لێرەدا دەتوانین بڵێین لە بازنەیەکی داخراودا کاری (چاکسازی، سەرباز، پارە) خولاوەتەوە، بۆ نموونە لە مێژووی (18 ڕەبیعی یەکەم 1273) (16 تشرینی دووەم 1856) دەوڵەت سەربازی ناردۆتە دەشتایی شارەزوور و نیشتەجێ کراون، تا چاکسازی لە ناو عەشیرەتی جاڤبکەن، دوای (55) ڕۆژ مانەوە، بۆ گواستنەوەی سەرباز و چادرەکانیان بری (6.700) قوروش دابینکراوە ( BOA, İ.DH, 361.23907)، تەنانەت ئەم کێشەیە دوای نیو سەدە بەردەوام بووە، بۆ نموونە لە مێژووی (27 زیلحیجە 1319) (6 نیسان 1902) لەلایەن لەسەر عەسکەر[16] داوا کراوە بەپەلە خەرجی ئەو تابوورە نیزامیە دابینبکرێت، تاوەکو ڕوو بکەنە قەزای بازیان (BOA, BEO, 1823.136709).

لە مێژووی (16 ڕەبیعی یەکەم 1320) (23 حوزەیران 1902) بۆ چاکسازی کردن لە بارودۆخی سلێمانی و کەرکووک، هێزی سەربازی ڕێکخراوە (BOA, BEO, 1873.140465)، بەڵام بە گوێرەی زانیاری مێژووی 19 ڕەبیعی یەکەم 1320) (26 حوزەیران 1902) بری (18.000) قوروش دابینکراوە، کەچی بۆ ناوچەیەکی تر خەرج کراوە ( BOA, BEO, 1873.140435)، هەروەها لە مێژووی (15 شەعبان 1327) (1 ئەیلوول 1909) بۆ تەمبێکردنی ئەو چەتانەی لە (مەرگە) مەعمورەتولحەمیدیە بوون، بڕیار دراوە لە داهاتی ناوەخۆ خەرجی بدرێتە فەرمانبەران، بۆ ئەمەش (10.000) قوروش و بۆ هەر یەکە لەم فەرمانبەرانەش مانگانە (250) قوروش دابینکراوە ( DH.MUİ, 1.1.45 BOA,).

---

[16] دوو ووشەی لکێندراوە، کە لە ووشەی فارسی لەسەر و ووشەی عەرەبی عەسکەر پێکهاتووە، فەرمانەدەی سوپا، دوای هەڵوەشاندنەوەی یەنیجەری لە (١٨٢٦)دا بەرزترین فەرماندەی سوپای وشکانی عوسمانی بووە (Yüksel Çelik, 2009, c. 36, 547).

### 2.3. کاریگەری داهات لەسەر فەرمانبەرانی سەربازییەوە

دەوڵەتی عوسمانی بەم باج و ڕسووماتەی کە لە دانیشتوان وەریگرتووە، داهاتی خەرجی دابینکردووە، نەشیویستووە بۆ کۆکردنەوەی ئەم باجە، بە تایبەتی باجی دەیەک (عشر) سەرباز بەکاربهێنێت، چونکە سەرقاڵبوونی سەرباز بە کۆکردنەوەی باج لە ئەرکە سەرەکیەکەی دوور کەوتۆتەوە، کە پاراستنی وڵاتە لە هێرشی دەرەکی و سەقامگیرکردنی ئاسایشە لە ئاژاوەی ناوەخۆ، بۆیە دەوڵەت پێی باش بووە کۆکردنەوەی باج لە ڕێگەی موزایەدە بدرێتە کەسانی تر (BOA, DH.ŞFR, 287.15)، بەڵام لە چالاکیەکانی کۆکردنەوەی باج ڕوون دەبێتەوە لە کاتی کۆکردنەوەی باج عەشیرەتەکان و کۆچەرەکان کێشە و ئاژاوەیان بۆ فەرمانبەرانی باج دروستکردووە، دەوڵەتیش ناچاربووە مەفرەزەی سەربازی لەگەڵ فەرمانبەرانی باج بنێرێتە ناوچەی دیاریکراو، بۆ نموونە لە مێژووی (12 شەعبان 1310) (1 نیسان 1893) بۆ کۆکردنەوەی دەیەک (عشر) لە قەزای بازیان، سەربازی مەفرەزەی نیزامیە لەگەڵ فەرمانبەرانی باج بە ئەرکەکە هەڵساون، بۆ کرێی بارگیری سەربازەکان بری (1140) قوروش و لە ئەرکەکەشدا (4.000) قوروشی دەیەک (عشر) وەرگیراوە (BOA, BEO, 166.12435). بە هەمان شێوە لە مێژووی (21 شەوال 1321) (10 کانوونی دووەم 1904) لە هەژمارکردنی ئاژەڵی خاوەندار و وەرگرتنی ڕسووماتی ئاژەڵی خاوەندار لەگەڵ داهاتی سەرمەر، فەرمانبەرانی کۆکردنەوەی باج و داهات بە هاوکاری مەفرەزەی سەربازی کارەکە ئەنجامدراوە ( BOA, BEO, 2249.168668)، هەروەها لە مێژووی (23 موحەررەم 1322) (9 نیسان 1904) بۆ کۆکردنەوەی ڕسووماتی مەڕوماڵاتی ئەم ساڵە و ساڵی ڕابردووی تائیفەی ئیلغوارە سەر بە عەشیرەتی جاف، پێویستی بە مەفرەزەی سەربازی بووە، بۆیە داواکراوە لەم (50) مەفرەزەیەی لە سەنجەقی سلێمانی بوونی هەیە، یەکێکیان ئەم ئەرکەی پێ بدرێت (BOA, BEO, 2310.173239).

لەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێت لە بازنەیەکی داخراوی خولاوە (هاوکاری سەربازی، باج، خەزینە) بەیەکتریەوە بەستراوەتەوە، هاوکاری سەربازی بۆ فەرمانبەران، هەژماری ئاژەڵ لەگەڵ کۆکردنەوەی باج و ڕسوومات ئەنجامدراوە، بە کۆکردنەوەی باجەکەش خەزینە مایەپووچ نەبووە، بەڵام دابینکردنی خەرجی سەرباز و مەفرەزە سەربازی پێویستی بە داهاتێکی دارایی بووە، تا لەگەڵ فەرمانبەرانی باج دەستبەکاربن، بۆیە هەندێک کات بەهۆی نەبوونی پارە دابینکردنی، ئەم خەرجیە کێشەی تێکەوتووە، لە مێژووی (6 موحەررەم 1313) (29 حوزەیران 1895) کاتی کۆکردنەوەی داهاتبووە، بۆ ڕێکخستن و دەرچوونی سەرباز، بری (50.000) قوروش پێویست بووە، ئەم برە پارەیەش لە سەنجەقی سلێمانی نەبووە، بۆیە لە دارایی ویلایەتی بەسرا هاوکاری سەربازی (6) مانگ ڕێکخراوە و تێدا (50.000) قوروشی سلێمانی تەرخانکراوە (BOA, BEO, 648.48545).

جگە لە دابینکردنی خەرجی، دەرچوونی مەفرەزەی سەربازی پێویستی بە ڕەزامەندی بووە، بۆ نموونە لە مێژووی (20 سەفەر 1322) (6 ئایار 1904) بۆ هەژمارکردنی سەر مەڕ و ئاژەڵەکانی تری سەنجەقی سلێمانی، پێویستی بە ڕەزامەندی بووە، بۆیە لە بەرپرسی باڵای لەشکری شەشەمی هومایۆن نووسراو بۆ لایەنی سوپاسالار کراوە، تێدا ڕوون کراوەتەوە، ئەگەر ڕەزامەندی نەدرێت، ئەوا ڕسووماتەکە کۆناکرێتەوە و کارەکە هەڵدەوەشێتەوە ( BOA, BEO, 2327.174512)، هەروەها لە مێژووی (25 سەفەر 1322) (11 ئایار 1904) بەهۆی دواکەوتنی لاری نەبوونی حکومەت، مەفرەزەی سەربازی نەیتوانیوە لە هەژمارکردنی سەر مەڕی قەزای شارباژێر و دەورووبەری هاوکاری فەرمانبەران بکات (BOA, BEO, 2330.274684).

### 2.4. کاریگەری دارایی لەسەر ڕێکخستنی سەربازی و دواخستنی مووچە

هێزە سەربازییەکان یەکێکن لە هۆیەکانی بەهێزبوون و پتەوبوونی هەر وڵاتێک، هەروەها لە ڕێگەی ئەم هێزەوە ئەمنیەت و ئاسایشی وڵات جێگیر کراوە، ڕێکخستن و ڕاپەراندنی کارەکانی ئەم هێزە سەربازییەش پێویستی بە خەرجیبووە، وەکو گواستنەوەی مەفرەزەی سەربازی بۆ شوێنی مەبەست، دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی و جبەخانە لەگەڵ خۆراک و شوێنی حەوانەوە، بە تایبەتی هەر شوێنێک قەرەقۆڵخانە (بنکەی پۆلیس)ی لێ نەبوایە، عەشیرەتەکان هێرشیان بۆ دەکرد و تاڵانیان دەکرد، بۆ نموونە لە (6 ڕەبیعی یەکەم 1289) (14 ئایار 1872) هەندێک لە هەمەوەندەکان هێرشیان کردبووە لەسەر ئەم شوێنانەی کە دەکەوێتە سنووری سلێمانی و شارەزوور (الزوراء، 1289، 236)، بەڵام لەبەر نەبوونی پارە، خەرجی سەربازی دابین نەکراوە، بەم هۆیەوە، لە زۆر شوێنی سەنجەقی سلێمانی مەفرەزەی سەربازی

نەبووە (BOA, BEO, 2310.173239). دەتوانین بڵێین لە ناو بازنەیەکی خولاوەدا (سەرباز، خەرجی، خەزینە، باج) بە یەکتریەوە بەسترابوونەوە، بۆ ئەوەی سەربازەکان ئەرکەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامبدەن پێویستی بە خەرجی بووە، بۆ دابینکردنی خەرجیش خەزینەیەکی دەوڵەمەند پێویست بووە، خەزینەیەکی دەوڵەمەندیش بەسترابووەوە، بە کۆکردنەوەی باج و ڕسوومات. لە مێژووی (30 ڕەمەزان 1312) (27 نیسان 1895) گواستنەوەی کەرستەی سەربازی بۆ سەنجەقی سلێمانی پارەوپولی سەنجەقی سلێمانی بەشی نەکردووە (BOA, BEO, 378.28314).

لەلایەکی تر لە زانیارییەکانی مێژووی (17 شەعبان 1316) (31 کانوونی یەکەم 1898) هاتووە، بەهۆی نەبوونی پارە ماوەی (2) ڕۆژ سەربازانی نێوان چەمچەماڵ و سنوور بە برسێتی ڕۆژیان بەسەرکردۆتەوە، دواتر بە ناچاری ئازووقەیان بەم (100) لیرەیە کڕیوە، کە بۆ پێداویستی سەربازی تەرخان کرا بوو، جگە لەمە بە هۆی نەبوونی پارە هەمیشە لە پێداویستییەکانیان کەموکورییان هەبووە، لەمانە چادریان نەبووە، داوا کراوە بە پەلە چادر دابینبکرێت (BOA, BEO, 1249.93656). لە مێژووی (29) جەمادی کۆتایی (1324) (20 ئاب 1906)یش ئاماژەی پێکراوە، ئەم مەفرەزە (50) کەسەی بۆ قەزای بازیان ڕۆیشتوون، پێویست بووە لە شوێنی بەرێوەبردنەکە ئازووقەیان بۆ دابینبکرێت (BOA, BEO, 2894.216996)، بەڵام دابین نەکراوە، تا لە مێژووی (13 ڕەبیعی کۆتایی 1333) (28 شوبات 1915) ئاماژەی پێکراوە کە لە مێژووی جیاوازدا گەنم و جۆ، هەروەها (12.500) قیە[17] جۆی ناحیەی سەنگاوی لەسەر بە قەزای بازیان ڕەوانی مەرکەز کراوە (BOA, DH.İ.UM, 6.78). هەندێک جاریش بەهۆی دابین نەکردنی ئازووقە و پێداویستی، ناچار بوون لە ڕێگا پەنا ببەنە بەر پەلاماردانی خەڵک، پێدوایستی خۆیان لە خەڵک وەربگرن (BOA, BEO, 2893.216906).

ئەوەی شایەنی باس کردنە بۆشایی کارگێڕی سەربازی بۆ ماوەیەکی زۆر و نەبوونی جبەخانەی پێویست لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە، ڕێگەی بۆ ئێران خۆشکردووە ناوە ناوە هێرشی سەربازی بکاتە سەر عەشیرەتەکانی سەر سنوور، بۆ ئەمەش ئاغاکانی سەربازی عوسمانی داوای جبەخانەیان کردووە، ڕایانگەیاندووە، ئەگەر سەربازی ئێران لە سنوور دوورنەخرێتەوە، ئەوا خەڵک ناوچەکە بەجێ دەهێڵن (BOA, BEO, 2175.163111)، هەروەها لە مێژووی (16 جەمادی یەکەم 1322) (28 ئاب 1904) کاتێک عەشیرەتە کۆچەرەکان دەستیان بە کاری سەرپێچی کردووە، هێزی سەربازی تەواو نەبووە، هەروەها بۆ سەربازی سوارەش 30–40 بارگیر هەبووە، بۆیە داوای سەرباز و بارگیری زیاتر کراوە (BOA, BEO, 2378.178323).

جگە لەمانە بەهۆی دابین نەکردنی بری ئاقچەی پێویست کاروبارەکانی سەربازی وەستا بوو (BOA, BEO, 481.36011)، ئەمەش کاری کردبووە سەر نەبوونی هێزی تەواو و نەناردنی هێزی سەربازی لە کاتی خۆیدا، لە مێژووی (30 جەمادی یەکەم 1324) (22 تەمموز 1906) پشدەریەکان بە وەرگرتنی هاوکاری مامشەکانی سەردەشت هێرشیان کردۆتە بانە، پێش ڕوودانی ئەم هێرشە، پەیوەندیداران حکوومەتیان لەم هێرشە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام هێزەکە دواکەوتووە، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا (40–50) کەس کوژراوە و بریندار بووە، لەگەڵ (70–80) سەر ئاژەڵ لە ناوچوونە، پشدەریەکانیش بە دۆراوی (120) چەکیان لە شوێنی ڕووداوەکە بەجێ هێشتووە و گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان (BOA, DH.ŞFR, 367.74; 367.91).

بێگومان دۆخی دارایی سەنجەق کاری کردبووە لەسەر مووچەی فەرمانبەران، مووچەی سەربازی بە ڕێکوپێکی نەدراوە و دواکەوتووە، هۆکاری سەرەکی ئەم دواکەوتنە خۆدزینەوەی عەشیرەتەکان لە ڕادەستکردنی باج و ڕسوومات بووە، لە ئەنجام خەزینە بەتاڵ بووە و دەوڵەت نەیتوانیوە مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات، ئەم کێشەیەش بۆتە هۆکاری دەستتێوەردانی سەربازی لە کارگێڕی ناوچەکە، لەم باردوۆخەدا دەوڵەت هەستی بە هەستیاری و مەترسی ئەم بارودۆخە کردووە، ترسی لێ نیشتووە و گەیشتۆتە ئەم ڕاستییە، ئەگەر بێتو ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا متمانە و بروای ئەم چینە بە دەوڵەت نامێنێت و هەستی نیشتیمانی کاڵ دەبێتەوە (BOA, BEO, 1447.108500)، بۆ نموونە لە مێژووی (20 ڕەمەزان 1312) (17 نیسان 1895) ئاماژەی پێکراوە مووچەی (6) مانگی پێشوو و مانگی ڕەمەزانی فەرمانبەرانی مولکیە و سەربازی دابین نەکراوە، داهاتی سەنجەقەکەش بەشی دەرماڵەی (6) مانگی ئەم (4) تابوورەی نەکردووە، کە لە سەنجەقی سلێمانی جێگیرکرابوون، لە ترسی سەرهەڵدانی ئاژاوە بە پێویست زانراوە

[17] قیە بە قەد (400) درهەم قورساییەکەی بووە، واتە (1) قیە (1000) گرام دەکات (Devellioğlu, 2012, 596).

دەرماڵەی (6) مانگی تریش زیادبکرێت و بە پەلە (8.000-7.000) لیرە حەواڵەی سەنجەق بکرێت ( BOA, BEO, 586.43936).

لە کۆتاییدا ڕووداوی پێشبینیکراو ڕوویدا و لە مێژووی (22 ڕەبیعی یەکەم 1312) (23 ئەیلوول 1894) بەهۆی نەناردنی پارە لە نێوان میر و ئەفسەری سەربازی لەگەڵ فەرمانبەرانی دارایی ناکۆکی دروستبووە، داوایان کردووە بری پێویست ئاقچەیان بۆ ڕەوان بکرێت (BOA, BEO, 481.36011). دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژە داراییەی سلێمانی هانای بۆ قەرز بردووە، لە مێژووی (20 شەعبان 1316) (3 کانوونی دووەم 1899) داوای کردووە (200.000) قوروش قەرزبکرێت، وەکو دەستپێشخەریەکیش (5.500) لیرە بۆ ویلایەت نێردراوە، هەروەها هەوڵدراوە بە ڕسووماتی ساڵانەی سەرمەڕ شوێنی قەرزەکە پڕ بکاتەوە (BOA, BEO, 1251.93757)، هەروەها لە مێژووی (29 ڕەمەزان 1316) (10 شوبات 1899) لەبەر وەرنەگرتنی مووچەی مانگی ڕەمەزان لە قەزای گوڵعەنبەر گێرەشێوێنی و پەلاماری سەربازانی شاهانە بۆ سەر خانەی ئەفسەر و قائیمقام، لە مەرکەزی سلێمانیش ئەفسەرانی یەدەگ بە گشتی هێرشیان کردۆتە لەسەر فەرمانگەی دەوڵەت و موتەسەرفیەت، بۆیە دەوڵەت بڕیاری داوە قەرز وەربگرێت و مووچەی مانگی ڕەمەزان و جەژنانەیان پێ بدات (BOA, BEO, 1265.94869)، دواتریش ئەم قەرزە لە ئاقچەی ڕسووماتی مەرومالات هەژمار بکرێت و بدرێتەوە (BOA, BEO, 1265.94875). لە مێژووی (26 شەوال 1317) (27 شوبات 1900)یش مووچەی سەربازانی سەنجەقەکانی کەرکووک و سلێمانی نەدراوە، کە برەکەی (250.000) قوروش بووە، بۆیە سەربازانی چەمچەماڵ لە فەرمانگەکانی دەوڵەت سەرپێچیان ئەنجامداوە ( BOA, BEO, 1447.108500)، ئەم کێشەیە تا مێژووی (30 ڕەمەزان 1318) (21 کانوونی دووەم 1901) درێژەی کێشاوە، لە ترسی هەڵگەرانەوەی سەرباز، دەوڵەت داوای کردووە چاوەڕێی کۆکردنەوەی باجی مەڕومالات نەکرێت و لە خەزینەی دارایی مووچەکانیان ڕێکبخرێت (BOA, BEO, 1610.120691).

**ئەنجامەکان**

1. سەنجەقی سلێمانی لە چاو سەنجەقەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی بچویک و بێ بایەخ بووە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی سیاسی، کارگێڕی، پەروەردە و داراییەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە و بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، بەڵام شوێنی ستراتیژی و هەڵکەوتەی جوگرافی سەنجەقەکە کە کەوتبووە نێوان دەوڵەتی عوسمانی- فارسی، بازرگانی، ئەم وڵاتانە بەم سەنجەقە تێپەریوە، ئەم بایەخە ستراتیژیە لە ڕووخان پاراستوویەتی.

2. دەوڵەتی عوسمانی مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ سەنجەقی سلێمانی نەکردووە، هەمان ڕێسا و یاسای سەنجەقەکانی تری بەسەر سلێمانیدا سەپاندووە، بەڵام هەندێک کات بە گوێرەی بارودۆخەکە ناچاربووە گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا بکات. دەوڵەت بۆ چاککردنی بارودۆخی ئەمنی سەنجەق، پشتی بە پیاوانی سەربازی و سەرۆک عەشیرەتەکان دەبەست، بە دامەزراندنی سەرۆک عەشیرەتەکان لە پلەی کارگێڕی دەوڵەت، ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانی نەک شکستی هێناوە، بەڵکو کێشەکانی سەنجەقی قوڵتر کردۆتەوە، چونکە لە کارگێڕی کەسانی لێنەهاتوو و ناشارەزا بوون لە هەمان کاتدا هەندێک لە عەشیرەتەکان بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان لەبەرچاو گرتووە، بەمەش کەموکوریەکانیان قوڵتر کردۆتەوە و زیانیان بە کارگێڕی حکوومەت گەیاندووە.

3. هەندێک لە فەرمانبەرانی فەرمانگەکان هیچ هەنگاوێکیان بۆ چاکسازی نەهاوێشتووە، بە هاوبەشی هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان سەرپێچیان کردووە، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی سیستەم و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەنجەقەکە.

4. هۆکاری تێکچوون و کەموکورییەکانی کارگێڕی لە دوو لایەنەوە بوون، یەکەمیان: دەوڵەت لە هەڵبژاردنی کەسی نەشیاو و لێنەهاتوو، یاخود دانانی کەسانی گومانلێکراو لە پلە کارگێڕییەکان، دووەمیان: خودی فەرمانبەر دەستی لە سەرپێچی و گەندەڵیەکانی ناو فەرمانگەکان هەبووە.

5. شێخ و سەییدەکانی سەنجەق لە پاڵ چالاکی ئایینی دەستیان بە چالاکی سیاسیش کرد و کەوتنە ململانێ بۆ وەرگرتنی پلە کارگێڕییەکانی سەنجەق، بێ ئەوەی فەرمانی دەوڵەتیان بە دەستەوە بێت، دەستیان بەسەر فەرمانگەکان داگرت، بەم جۆرە کەسانی چاوچنۆک و لێنەهاتوو پلە کارگێڕییەکانیان داگیرکرد و زیانیان بە کارگێڕی دەوڵەت و دانیشتوان گەیاند.

6. لە ئەنجامی هەڵکشان و داکشانی دارایی سەنجەق، کاریگەری لەسەر گواستنەوەی سەرباز، دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی (جبەخانە)، خۆراکی سەرباز و خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران کردووە، بە تایبەتی دابین نەکردنی مووچە

گرژی و تەنگژەی ئەمنی و کارگێڕی بەدوای خۆیدا هێنا.

7. دەوڵەتی عوسمانی نەیویستووە هێزی سەربازی وەکو چارەسەری کێشەکان بەکاربهێنێت، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوون بە یاساکانی دەوڵەت، دەوڵەتی عوسمانی ناچاربووە هێزی سەربازی بەکاربهێنێت.

**سەرچاوەکان:**


- Bab-ı Ali Evrak Odası Evrakı (BEO): 1251.93757; 1265.94869; 1265.94875; 1447.108500; 1610.120691; 294.21992; 393.29458; 1838.137788; 3023.226695; 2835.212616; 2650.198722; 2655199090; 2662.199648; 2196.164635; 91.6782; 647.48500; 1447.108496; 2318.173795; 2310.173239; 378.28314; 1249.93656; 2894.216996; 2893.216906; 2175.163111; 2378.178323; 481.36011; 1447.108500; 586.43936; 481.36011; 648.48545; 166.12435; 2249.168668; 2310.173239; 2327.174512; 2330.274684; 2238.167842; 168.12592; 1786.133947; 1818.136335; 11.788; 1775.133120; 1820.136478; 541.40513; 551.41277; 1823.136709; 1873.140465; 1873.140435; 1210.90714.
- Dahiliye Nezareti İdare-i Umumiye Evrakı (DH.İ.UM): 6.78.
- Dahiliye Nezareti Sicill-i Ahval İdare-i Umumiyesi (DH.SAİD): 71.149.
- Dahiliye-Mektubi Kalemi (DH.MKT): 2263.26; 2310.4; 957.48; 1456.44; 89.45; 59.2; 738.38; 789.68; 1020.22; 1095.14; 391.75; 1089.68; 1431.81; 1427.12; 1432.115; 1645.118; 1918.91; 2582.125; 1931.55; 2001.81; 1920.104; 179.3; 198.19; 1680.4; 1808.86; 455.8; 2731.39; 2857.53; 240.33; 2724.54; 1497.10; 575.33; 267.2; 2101.8.
- Dahiliye-Muhaberat-ı Umumiye İdaresi Evrakı (DH.MUİ): 1.1.45.
- Dahiliye-Mütenevvia Evrakı (DH.MTV): 49.1.41.
- Dahiliye-Şifre Evrakı (DH.ŞFR): 223.130; 271.108; 323.12; 346.60; 318.89; 406.98; 367.74; 00367.00091; 287.15.
- Haritalar (HRT.H): 445.3.
- İrade-Dahiliye (İ.DH): 1370.8; 1328.24; 1464.19; 361.23907; 910.72271; 1341.53; 1344.24; 1359.9; 1287.101294; 1484.12.
- İrade-Meclis-i Vala (İ.MVL): 433.19095; 336.14505; 353.15432.
- İrade-Taltifat (İ.TAL): 415.49.
- Sadaret -Mektubi Mühimme Kalemi Evrakı (A.MKT.MHM): 452.12; 498.70.
- Sadaret-Mektubi Kalemi (A.MKT): 62.84.
- Sadaret-Mektubi Kalemi Umum Vilayet Evrakı (A.MKT.UM): 574.26; 455.93.
- Şura-yı Devlet (ŞD), 2963.23; 2158.27; 218.24.
- Yıldız Perakende Evrakı Meşihat Dairesi Maruzatı (Y.PRK.MŞ): 7.42.
- Yıldız-Hususi Maruzat Evrakı (Y.A.HUS): 317.67.
- Yıldız-Perakende Evrakı Askerî Maruzat (Y.PRK.ASK): 59.25.
- Yıldız-Perakende Evrakı Başkitabet Dairesi Maruzatı (Y.PRK.BSK): 21.76.
- Yıldız-Perakende Evrakı Başkitabet Dairesi Maruzatı (Y.PRK.BŞK): 14.18.
- Yıldız-Resmi Maruzat Evrakı (Y.A.RES): 130.93; 40.17.
- Zaptiye (ZB): 621.2.
- دار الكتب و الوثائق المركز الوطنی للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقه 1.
- دار الكتب و الوثائق المركز الوطنی للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقه 2.
- دار الكتب و الوثائق المركز الوطنی للوثائق، وزارة الداخلية، دائرة الاحتلال، 2554، ورقه 3.


بغداد ولایت سالنامەسی، 1292؛ 1313؛ 1325.

موصل ولایت سالنامەسی، 1312؛ 1325؛ 1330.

- الزوراء، العدد 4، 12 ربيع الاول 1286.
- الزوراء، العدد 236، 6 ربيع الاول 1286.
- عباس العزاوی، (2004)، موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين العهد العثمانية الاول 1831-1872، ج 7، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- عباس العزاوی، (2004)، موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين العهد العثمانية الاول 1872-1917، ج 8، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- عبدالعظيم عباس نصار، (2005)، بلديات العراق في العهد العثماني 1534-1918، الطبعة الاولى، المكتبة الحيدرية.
- Ali Fuat Örenç, (2020), "Mutasarrıf" Maddesi, C. 31, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, Ankara.


- Alimcan Buğda, (2019), İslâm Savaş Hukûkunda Nefîr-i Âmm (Genel Seferberlik, KSÜ İlahiyat Fakültesi Dergisi, (34).
- ÇETİNSAYA, G., (2020), II. Abdulhamid Döneminde Irakta Osmanlı İdaresi, bırıncı baskı, Küre Yay., İstanbul.
- DEVELLİOĞLU, F., (2012), Osmanlıca-türkçe Ansiklopedik, 29 baskı, Aydın kitapevi Yayınları, Ankara.
- HURŞİD PAŞA, M., (1997), Seyahatname-i Hudud, çev: Alaattin Eser, baskı 1, yay: Simurg, İstanbul.
- KAZICI, Z., (1989), "Alay", C. 2, Türkiye Diyanet Vakfı, İslam Ansiklopedisi, İstanbul.
- Machiel Kiel, (2002), "Kruya" maddesi, c. 26, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- Mehmet Çanlı, (2013), Ankara, Kastamonu, Sivas Osmanlı Vilayet Salnamelerinde Çorum (1869-1908), birinci baskı, Ormat Matbaa, Çorum.
- Ömer İşbiler, (2013), "yük" maddesi, c. 44, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- ÖZCAN, A., (1992), "Binbaşi" maddesi, c. 6, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- ÖZCAN, A., (1992), "Bölük" maddesi, C. 6, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- Ramazan Özey (2002), 19. Asırda Edirne Vilayeti Cografyası, Marmara Cografya Dergisi, 6, İstanbul.
- Şevket Pamuk, (2002), "Kuruş" maddesi, C. 26, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, Ankara.
- ÜNAL, M., (2013), Osmanlı Müesseseleri Tarihi, 10. Baskı, yay., Fakülte Kitabevi, İspatra.
- Yüksel Çelik, (2009), "Serasker" maddesi, c. 36, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- Yusuf Halaçoglu, (1996), "Fırka-i Islahiyye" maddesi, c. 13, İslam Ansiklopedisi, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.
- J. Fraser, James Baillie, (1840), Travels in Koordistan, Mesoptamia, Richard Bentley, volume 1, New Burlington Street, London.

**پاشكۆی ژمارە (1)**




**BOA, HRT.H, 445.3**

**پاشكۆی ژمارە (2)**




Y.A.HUS.00317.00067.001

**BOA, Y.A.HUS, 317.67**

**الفشل الإداري والمالي لجهود الإصلاح العثمانية في إدارة سنجق السليمانية بين عامي 1900-1800**

**ئاشتى رحمان بكر**
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الاساسيهة، جامعة صلاح الدين-أربيل، أقليم كوردستان، العراق
ashti.bakr@su.edu.krd

**ملخص**

واجه سنجق السليمانية خلال الحكم العثماني العديد من المشاكل الإدارية والمالية، مما أثر على استقرار و أمن سكان السنجق انذاك.
وعلى الصعيد الإداري لم يكن الموظفون فقط جزءاً من العجز والمشاكل، بل كان لإهمال الدولة في طريقة إدارة الشؤون الادارية و اختيار الموظفين والإشراف عليهم من ناحية، و من ناحية أخرى شكل الموظفون مصدرًا اخر لهذا العجز وذلك من خلال عدم مباشرة مهام عملهم لأسباب مختلفة أو ارتكاب مخالفات أو عدم القيام بعملهم على النحو الصحيح.
اما من الناحية المالية، أثرت التقلبات المالية على إدارة الوحدات لدوائر السنجق، حيث كان الموظفون أنفسهم مسؤولين عن انخفاض الإيرادات، من خلال عدم تحصيل الضرائب بشكل صحيح أو بسرقة أو هدر اموال الضرائب والإيرادات، أو من قبل بعض زعماء القبائل .و بطبيعة الحال، أدى نقص الإيرادات إلى إفراغ خزينة الدولة، مما منع الدولة من إصلاح الميزانية وتسيير الشؤون المدنية والعسكرية دون أي نقص.
واهم رد فعل لهذا هو أنه بعد الفشل في توفير الإمدادات العسكرية للسنجق وعدم دفع الرواتب المدنية والعسكرية في مواعيدها، انقلب جنود السنجق ضد الدولة وهاجموا أسواقها.

**الكلمات المفتاحية:** الدولة العثمانية، سنجق السليمانية، الموظف، الضريبة، الإيرادات.

**Administrative and Financial Failure of the Ottoman State's Reform Efforts in the Administration of Sanjaq in Sulaimani between 1800-1900**

**Ashti Rahman Bakr**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ashti.bakr@su.edu.krd

**Abstract**

During the Ottoman rule, Sanjaq faced several administrative and financial problems, which affected the stability, security and lives of the residents of Sanjaq.
In terms of administration, employees were not part of the shortcomings and problems, but the negligence of the state in the way of managing the affairs of the office with the selection and supervision of employees.
Financially, the financial ups and downs affected the administrative management of the Sanjaq administrative departments, where the employees themselves were responsible for the decline in revenue, by not collecting taxes properly or by stealing or wasting taxes and revenue, or by some tribal chiefs. Obviously, the lack of revenue has emptied the state treasury, preventing the state from reforming the budget and conducting civil and military affairs without any shortcomings.
The most important reaction is that after the failure to provide the military supplies of Sanjak and the failure to pay civilian and military salaries on time, the soldiers of Sanjak have turned against the state and attacked the markets of Sanjak.

**Keywords:** Ottoman Empire, Sanjak of Sulaymaniyah, employee, tax, revenues.